# تاوانی سەرەکی ڕەگەزی زایەنی

## 1. پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە دادگای باڵای عێراق (IHT) و لە یاسای نێو دەوڵەتی
## بەندی 12 (یەکەم) (G) ، 13(دووهەم) (V) و 13 (چوارەم) (F)

پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە برگەی تاوانەکانی IHT :

بکەری تاوانەکە هێرشی کردووەتە سەر جەستەی تاکە کەسێک و پێوە نووساوە و ئەنجامی ئەم کارە پیاکردنە ، هەرچەندە کەم بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی جەستەی قوربانیەکە یان بکەری تاوانەکە بە ئەندامێکی سێکسی ، یان بۆ ناو کونی کۆمی یان کونی زایەنی قوربانیەکە بە هەر شتێک یان هەر ئەندامێکی دیکەی لەش .

هێرشەکە بە توندی ئەنجام دراوە ، یاخود بە هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی توندی یان زۆرلێکردن ، بۆ نموونە، لە ترسی توندو تیژی ، گەڤ گرتن، دەستبەسەرگرتن، چەوسانەوەی دەروونی یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دەرهەق بەو کەسە یان کەسێکی دیکە ، یان سوود وەرگرتن لە دەوروبەرێکی زۆرلێکەری ، یان هێرشەکە دەرهەق کەسێکە کە تواناى دانی مۆڵەتێکی ڕەسەنی نیە .

## 2. چاوپێخشاندنێک لە ڕەچاو کردنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان لە یاسای نێو دەوڵەتی

لە ڕەوشێکی تایبەت، دەست درێژی سەر ناموس بە ئەشکەنجە دان دەرکەوتووە لە ژێر یاسای نێو دەولەتی لە لایەن ICTY و ICTR .

دەست درێژی سەر ناموس زۆرجار بەکاردێت وەک هۆکارێکی ترساندن ، ریسوا کردن ، بێ ڕێزگرتن ، ڕەگەزخوازی ، کۆنترۆلکردنی سزا یان داشکاندنی کەسێک و پێویستە و ئەکرێت دەست درێژی سەر ناموس وەک هۆکارێکی ئەشکەنجەدان دادگایی بکرێت .

## 3. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە توندو تیژی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی
## بەندی 12 ( یەکەم) (G) ، 13(دووهەم) (V) و 13 (چوارەم)(F)

توندوتیژی سێکسی ئەو تاوانانە ئەگرێتەوە کە پێناسینی " دەست درێژی سەر ناموس" نایگرێتەوە بەڵام سروشتێکی سێکسی هەر هەیە و ئازارەکەی و ریسوابوونەکەی هەر وەک دەست درێژی سەر ناموس وایە بۆ قوربانیەکە .

## 4. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە کۆیلەکردنی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی
## بەندی 12 (تەکەم) (G)، (C) ، 13(دووهەم)(V) و 13 ( چوارەم)(F)

کۆیلەکردنی سێکسی بریتیە لە بەکارهێنانی " موڵکداری" بەسەر قوربانیەکە لە لایەن بکەری تاوانەکە و زۆرلێکردن بۆ پێگیربوون لە کارێک یان زیاتر کە سروشتێکی سێکسی هەیە

## 5. تاوانی شەرەف

دامودەزگاکانی نێو دەولەتی ڕایانگەیاندوە کەوا سزانەدانی بکەرانی تاوانی شەرەف یاسای نێو دەولەتی پێشێل دەکات و ئازادی قوربانیەکە و خۆشبەختانەی مافی مرۆڤ پووچەڵ ئەکاتەوە . یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 چاوی پۆشیوە لە تاوانی شەرەف و ڕێی شایەتیدانی گرتووە لە ژن .

تاوانی شەرەف کارێکی توندو تیژیە دەرهەق بە ئافرەتی خزم کە وا زانراوە سەر شۆڕی جەسپاندووەتە سەر خێزانەکە بە هۆی جۆراوجۆر، وەک قایل نەبوون بە هاوسەریەکی ڕێکخراو ، بوونە قوربانی ئازاردانێکی سێکسی ، داواکردنی جیابوونەوە ، و یاخود بانگەشەکراوی ئەنجامدانی زینا.

## پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە دادگای باڵای عێراق و لە یاسای نێو دەولەتی

### پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە بڕگەی تاوانەکان لە دادگای باڵای عێراق و لە پێرەوی ڕۆمای دادگای تاوانکاری نێودەولەتی

**پێناسین**

1. بکەری تاوانەکە هێرشی[15] کردووەتە سەر جەستەی تاکە کەسێک و پێوە نووساوە و ئەنجامی ئەو کارە پیاکردنە ، هەرچەندە کەم بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی جەستەی قوربانیەکە یان بکەری تاوانەکە بە ئەندامێکی سێکسی ، یان بۆ ناو کونی کۆمی یان کونی زایەنی قوربانیەکە بە هەر شتێک یان هەر ئەندامێکی دیکەی لەش .

2. هێرشەکە بە توندی ئەنجام دراوە ، یاخود بە هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی توندی یان زۆرلێکردن ، وەک ئەوەی لە ترسی توندو تیژی ، گەف گرتن ، دەستبەسەرگرتن، چەوسانەوەی دەروونی یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دەرهەق بەو کەسە یان کەسێکی دیکە ، یان سوود وەرگرتن لە دەوروبەرێکی زۆرلێکەری ، یان هێرشەکە دەرهەق کەسێکە کە توانای دانی ڕەزامەندیەکی ڕاستەقینەی نیە [16] .

---------------

[15] مانای " هێرش" بە نیازی ئەوەیە کە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ بگرێتەوە.

[16] شتێکی ڕوونە کە لەوانەیە کەسێک توانای دانی ڕەزامەندی ڕاستەقینەی نەبێت ئەگەر بێ توانایی تەمەن یان سروشت یانیش دەور و بەر کاریگەری هەبێت بەسەریدا . ئەم تێبینیەی خوارەوە ئەچەسپێتە سەر بڕگەکانی پەیوەندیداری بەندی 7(1)($g$) – 3، 5 و 6

### دادگای تاوانکاری نێودەولەتی سەبارەت بە ڕواندا

**پێناسین**

- دەست درێژی سەر ناموس هێرشێکی سەر جەستەیە کە سروشتێکی سێکسی هەیە ، لەسەر کەسێک ئەنجام ئەدرێت لە دەورو بەرێکی زۆر لێکەری ." لە کێسی داواکار دژ جان پۆل ئەکایەسۆ، " زۆرلێکردن" ئەدگارێکی هەمیشەیی بوو بە بۆنەی ئامادەبوونی سەربازیی دوژمنانە.

**تۆمەتەکان ئەمانەن:**

- **تاوانی دژ مرۆڤایەتی:** کاتی ئەنجامدانی دەست درێژی سەر ناموس وەک بەشێک لە هێرشێکی فراوان و سیستەمی دژ هەر خەڵکانێکی سیڤیل لەسەر بنەمای نەتەوەیی، سیاسی ، نیشتیمانی، ڕەگەزی یاخود ئایینی". داواکار دژ جان پۆل ئەکایەسو
- **جینۆساید:** تاوانی دەست درێژی سەر ناموس بە جینۆساید ڕەچاو دەکرێت هەر بە هەمان شێوەی هەر کارێکی دیکە چونکە بە نیازی داشکاندنی ، سەرجەم یان بەشێک، لە گروپێکی تایبەت ئەنجام دراوە.... ئەنجامی ئەم دەست درێژیەی سەر ناموس بووەتە هۆی داشکاندنی جەستەیی و دەروونی ئافرەتانی توتسی و خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکەیان." داواکار دژ جان پۆل ئاکایەسو.

## دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە یۆغۆسلاڤیای پێشوو

**پێناسین:**

- " پیاکردنی سێکسی ، هەرچەند کەم بێت، بۆ ناو کونی زایەنی ئافرەتەکە یان کونی کۆمی بە کۆئەندامی زایەنی بکەرەکە یاخود بە بەکارهێنانی هەر شتێکی دیکە لە لایەن بکەرەکەوە ، یان خستنی کۆئەندامی زایەنی بکەرەکە بۆ ناو دەمی قوربانیەکە ، کاتێک کە ئەم خستنە ناوەوەیە بە زۆری بووە یان بە بەکار هێنانی هێز یان هەرەشەلێدانی بەکارهێنانی هێز دژ قوربانیەکە یان کەسێکی سێهەم ." داواکار دژ فۆرۆندیجا. 1998/12/10 .
- پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە لایەن دادوەری فۆکا : " پیاکردنی سێکسی ، هەرچەندە کەم بێت،: (a) بۆ ناو کونی کۆئەندامی زایەنی یان کونی کۆمی قوربانیەکە (ئافرەتەکە) بە کۆئەندامی زایەنی بکەرەکە ( پیاوەکە) یان بە بەکارهێنانی هەر شتێکی دیکەوە لە لایەن بکەرەکەوە، ؛ یان (b) پیاکردنی کۆئەندامی زایەنی بکەرەکە ( پیاوەکە) بۆ ناو دەمی قوربانیەکە (ئافرەتەکە) ، و کاتێک ئەم خستنە ناوە بێ رەزامەندی قوربانیەکە ئەنجام دراوە . رەزامەندی بۆ ئەم مەبەستە پێویستە خۆبەخشانە بێت ، و بە خواستی ئازادانەی قوربانیەکە ، و هەڵسەنگاندنی ئەکرێت بە گوێرەی بارو دۆخی دەوروبەر. ئەم پیاکردنە سێکسیەیە بە نیازێکی تاوانکاری بووە ، و بە ئاگادار بوون کە ئەم کارە ئەنجام بدرێت بەبێ رەزامەندی قوربانیەکە." داواکار دژ کوناراک و ڤوکۆڤیک ( 2001/2/22 ) 460.

**تۆمەتەکان:**

- بەندی 5 ( تاوانکاری دژ مرۆڤایەتی) تەنها بەندە بۆ رەچاو کردنی دەست درێژی سەر ناموس وەک تۆمەتێک:
" دادگای نێو دەوڵەتی دەسەڵاتی تاوانبار کردنی کەسانێکی هەیە کە بەرپرسن لەم تاوانانەی خوارەوە ، کە لە کاتی ناکۆکی چەکداری ئەنجام دراوە ، ئایا ناکۆکی نێو دەوڵەتی یاخود ناوخۆیی و ئاراستەی خەڵکانی سیڤیل کراوە .... ( g) دەست درێژی سەر ناموس."

## دادگای سیرالیۆن و کەمبۆدیا

پێڕەوی دادگای سیرالیۆن و کەمبۆدیا ، وەک IHT، لەسەر بنەمای ICC پێڕەوی رۆمایە . هیچ یەک لە دادگاکان هەتا ئێستا هیچ بڕیارێکیان وەر نەگردووە ، واتا هیچ کێسێکی پێشووتر نیە بۆ چۆنیەتی پێناسینیان بۆ دەست درێژی سەر ناموس .

# ئایا نەبوونی ڕەزامەندی برگەیەکی دەست درێژی سەر ناموسە ؟

| ڕێساکانیIHT 2005 ی بنەماسازی و بەڵگە |
| --- |
| **<u>ڕێسا 63 :</u> ڕێسای بەڵگە لە کێسەکانی ئازاردانی سێکسی**<br>**<u>یەکەم :</u>** لە کێسی ئازاردانی سێکسی و کاتی هەبوونی هۆیەکی ماقول ، دووپاتکردنەوەی شایەتی قوربانیەکە پێویست نیە .<br>**<u>دووهەم:</u>** ةابێت مۆڵەت بە ڕەزامەندی بدرێت بۆ بەکارهێنانی وەک هۆکارێکی بەرگری کاتێک کە قوربانی A. تووشی توندوتیژی و هەڕەشە و دەستبەسەری و سەرکوتکردنی دەروونی بووە یان هەڕەشەی ئەوانەی لێ دراوە یاخود لە ترسی ئەوانە یاخودیش خۆی بە قوربانی زانیوە لەبەر هۆیەکی ماقول .<br>**<u>سێیەم:</u>** بەڵگەکانی پێشکەش کراو لە لایەن تۆمەتبارەوە پێویستە ڕەزامەندی قوربانیەکە بسەلمێنێت بە بێ هیچ کەم و کوڕیەک . |

| بڕگەکانی تاوانکاری پێڕەوی ڕۆما |
| --- |
| **تاوانی دژ مرۆڤایەتی دەست درێژ کردنە سەر ناموس**<br>**بەندی 7 (1) (g) -1 و تاوانی جەنگی دەست درێژکردنە سەر ناموس بەندی 8 (2) (b) (xxii) -1**<br><br>**برگەکان**<br>2. هێرشەکە بە توندی ئەنجام دراوە ، یان بە هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی توندی و زۆرلێکەری ، وەک ئەوەی لە ترسی توندی بەکارهێنان و دەستبەسەری و سەرکوتکردنی دەروونی و نارێک بەکارهێنانی دەسەڵات ، دژ ئەو کەسە یان کەسێکی دیکە، یان بە سوود وەرگرتن لە ڕەوشێکی زۆرلێکەری ، یاخود هێرشەکە دژ کەسێک ئەنجام دراوە کە توانای ڕەزامەندیدانی ڕاستەقینەی نەبووە . ( مەسەلەیەکی ڕوونە کە لەوانەیە کەسێک توانای ڕەزامەندیدانی ڕاستەقینەی نەبێت ئەگەر بێ توانایی تەمەن یان سروشت یانیش دەور و بەر کاریگەری هەبێت بەسەریدا). |

127. ........ دەرئەنجامی ئەنجومەنی دادگا

کاری تاوانکاری لە تاوانی دەست درێژی سەر ناموس لە یاسای نێو دەولەتی پێکهاتووە لە : پیاکردنی سێکسی، هەرچەند کەم بێت، ... **کاتی ڕوودانی ئەم پیاکردنە بە بێ ڕەزامەندی قوربانیەکە.** ڕەزامەندی بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕەزامەندیەکی خۆ بەخشانە بێت، بە ئارەزوویەکی ئازادانەی قوربانیەکە، کە بە گوێرەی ڕەوشی دەور و بەر هەڵئەسەگێندرێت . ئەم پیاکردنە سێکسیە یە نیازێکی تاوانکاریە ، و بە ئاگادار بوونە کە ئەم کارە ئەنجام بدرێت بەبێ ڕەزامەندی قوربانیەکە.

128. .... لێرەدا گرنگە جەخت بکەینە سەر دوو خاڵ. یەکەمیان ، پێویستی "بەرگری" داواکەری پێداچوونەوەکە ڕەت دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕایەکە کە هیچ بنەمایەکی یاسای نێو دەولەتی ئاسایی تێدا نیە . بە ... جەخت کردنەوە کەوا هەر شتێک کەمتر لە بەردەوام بوونی بەرگری ئاگاداریەکی گونجاوی دابین نەکردوە بۆ بکەرەکە کەوا کارەکەی نەویستراوە، هەڵەیە لەلای یاساییەوە و پڕوپووچە لە لایەنی ڕاستیەکانەوە.

129. .... لە لایەنی ڕوون کردنەوەی جەخت کردنە سەر نەبوونی ڕەزامەندی وەک مەرجێک بۆ دەست درێژی سەر ناموس . ئەنجومەنی دادگا .... هەوڵ ئەدات بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان هێز بەکارهێنان و ڕەزامەندی. هێز بەکارهێنان یاخود هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی هێز بەڵگەیەکی ڕوون دابین ئەکات بۆ نارەزامەندی، بەڵام تەنها بەکارهێنانی هێز بڕگەیەکی دەست درێژی سەر ناموس نیە. ... هەندێک "فاکتەر" هەیە [جگە لە هێز] کە بە کاری نارەزامەندی و بێ ویستی قوربانیەکە بۆ چوونەناوەوەی سێکسی ڕەچاو ئەکرێت ." تێڕوانینێکی تەسک بۆ هێز یان هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی هێز لەوانەیە هێز لەوانەیە مۆڵەت بداتە بکەرەکە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسێتی کاری سێکسی کە لایەنەکەی دیکە ڕەزامەندی نەداوە ، بە سوود وەرگرتن لە ڕەوشی زۆرلێکردن بێ پشت بەستنە بەکارهێنانی هێزی جەستەیی.

130. ... لە هەندێک دەسەڵاتی یاسایی ناوخۆیی، نە بەکارهێنانی چەک و نە دەسەڵات بەرزی جەستەیی دژ قوربانیەکە پێویستە بۆنیشاندانی هێز. هەڕەشەلێدانی تۆڵە وەرگرتن"لە ئاییندە دژ قوربانیەکە یان هەر کەسێکی دیکە" شێوەیەکی گونجاوە لە جیاتی بەکارهێنای هێز...

132. ... داواکاری پێداجوونەوەکان لەم کێسە تۆمەتبارکراون بە دەست درێژی کردنە سەر ناموسی ژنانێک کە لە بنکەی سەربازی دیفاکتۆ ڕاگیرابوون. بنکەکانی دەستبەسەرگرتن و ژوورەکان بە شوێنەواری سەربازەکان دانرابوون. ترسناکترین لایەنی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە قوربانیەکان بە نێچیری سێکسی یاسایی ڕەچاوکرابوون بۆ دەستگیرکەرەکانیان . بە شێوەیەکی ئاسایی، دەست درێژی کراوەتە سەر ناموسی ئافرەتەکان لە لایەنی زیاتر لە یەک بکەر ، و بە شێوەیەکی بەردەوامی ناماقولانە . ( ئەوانەی کە لە سەرەتادا هەوڵی بەرگریان داوە تووشی مامەڵەکردنێکی توند و تیژتر بوونە) . ئەم جۆرە دەستبەسەریە بە ڕەوشێکی زۆلێکەری ڕەچاو ئەکرێت کە هەر شیانێکی ڕەزامەندی وەرگرتن ڕەت ئەکاتەوە .

## IHT
### بڕیاری ئەنفال

" ڕوو دەدات کاتێک کە بکەرەکە ئازاری جەستەی کەسێکی دیکە دەدات، بە جۆرە هەڵسوکەوتێک کە دەبێتە ئەنجامی پیاکردنی ئەندامە زایەنیەکە بۆ ناو هەر بەشێکی جەستەی قوربانیەکە، یاخود پیاکردنی هەر شتێک یان ئەندامێک بۆ ناو کونی کۆمی یان کونی ئەندامی زایەنی ئافرەتەکە، هەرچەندە ئەم پیاکردنە سووک و کەم بێت. [...] پێویستیە یاساییەکەی دیکەی ئەم تاوانە ئەوەیە کە تاوانەکە بە توندی و بە هەڕەشەلێدان ئەنجام درابێت . بڕگەی سەلماندنەکان ئامادەیە بە بۆنەی بارودۆخی زۆرلێکەری ، بۆ نموونە ؛ ناکۆکی چەکداری ، دەستبەسەری قوربانیەکە ، نەمانی پاکیزەیی، بەڕەنگار بوونەوەی لێدان کاتی بەرگری لە خۆکردن دژ بکەرەکە، وەک ئەوەی شایەتێک ئاماژەی بە شکاندنی شەویلکەکەی کردوە ( بە هۆی مشتەکۆڵەیەکی توند) کە بووە هۆی دەرئەنجامێک کەوا کارەکە بە بەکارهێنانی هێز و توندی ئەنجام دراوە ." (لاپەڕە 435)

هەرچەندە ئەم پێناسینە (پیاکردنی ئەندامی زایەنی بکەرەکە بۆ ناو جەستەی قوربانیەکە) تەسک ترە لە وانەی کە لە ICTY و ICTR باس کراوە. یاساکانی بنەمای IHT دان دەنێتە تاوانە سێکسیەکان جگە لە دەست درێژی سەر ناموس ، کە نە پەیماننامەکانی ICTY و نە ICTR کردوویانە . سەرەڕای دەست درێژی سەر ناموس ، IHT هەروەها توانای دادکردنی تۆمەتبارانی هەیە بە تۆمەتی ئەنجامدانی " کۆیلەکردنی سێکسی ، لەشفرۆشتنی زۆرداری ، سک پڕکردنی زۆرداری ، یاخود هەر شێوەیەکی دیکەی توندوتیژی سێکسی کە هەمان کێشەی هەیە."

هەرچەندە بڕیاری ئەنفال باس لە "هێز" دەکات زیاتر لە "زۆرلێکردن" ، بەڵامیش دەستبەسەرکردنی قوربانیەکە لە لایەن بکەرەکەوە لە "ڕەوشێکی زۆرلێکەری" ڕەچاو کردوە ، کە بەکارهێنانی هێز و توندی بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی دەسەڵمێنێت. واتا IHT پێوەری بڕیاری کوناریکی "بارودۆخی زۆرلێکەری" بەکارهێناوە بە شێوەیەکی شاراوە ، ئەگەر بە ئاشکرایانە نەبێت.

# تاوانی سەرەکی ڕەگەزی زایەنی

## 1. پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە دادگای باڵای عێراق (IHT ) و لە یاسای نێو دەولەتی بەندی 12 (یەکەم) ( G) ، 13(دووهەم) ( V ) و 13 ( چوارەم) (F)

پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە برگەکانی تاوانەکانی IHT ئەمەیە:

بکەری تاوانەکە هێرشی کردووەتە سەر جەستەی تاکە کەسێک و پێوە نووساوە و ئەنجامی ئەم کارە چوونە ناوەوەیە، هەرچەندە کەم بێت، بۆ هەر بەشێکی جەستەی قوربانیەکە یان بکەری تاوانەکە بە ئەندامێکی سێکسی ، یان بۆ کونی کۆمی یان کونی زایەنی قوربانیەکە بە هەر شتێک یان هەر ئەندامێکی دیکەی لەش .

هێرشەکە بە توندی ئەنجام دراوە ، یاخود بە هەڕەشلێدانی بەکارهێنانی توندی یان زۆرلێکردن ، بۆ نموونە، لە ترسی توندو تیژی ، گەڤ گرتن ، دەستبەسەرگرتن، چەوسانەوەی دەروونی یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دەرهەق بەو کەسە یان کەسێکی دیکە ، یان سوود وەرگرتن لە دەوروبەرێکی زۆرلێکراوی ، یان هێرشەکە دەرهەق کەسێکە کە تواناى دانی مۆڵەتێکی ڕەسەنی نیە .

## 2. چاوپێخشاندنێک لە ڕەچاو کردنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان لە یاسای نێو دەوڵەتی

لە ڕەوشێکی تایبەت، دەست درێژی سەر ناموس بە ئەشکەنجە دان دەرکەوتووە لە ژێر یاسای نێو دەولەتی لە لایەن ICTY و ICTR .

دەست درێژی سەر ناموس زۆرجار بەکاردێت وەک هۆکارێکی ترساندن ، ریسوا کردن ، بێ ڕێزگرتن ، ڕەگەزخوازی ، کۆنترۆلکردنی سزا یان داشکاندنی کەسێک و پێویستە و ئەکرێت دەست درێژی سەر ناموس وەک هۆکارێکی ئەشکەنجەدان دادگایی بکرێت .

## 3. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە توندو تیژی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی بەندی 12 ( یەکەم) (G) ، 13(دووهەم) (V) و 13 (چوارەم)(F)

توندوتیژی سێکسی ئەو تاوانانە ئەگرێتەوە کە پێناسینی " دەست درێژی سەر ناموس" نایگرێتەوە بەڵام سروشتێکی سێکسی هەر هەیە و ئازارەکەی و ریسوابوونەکەی هەر وەک دەست درێژی سەر ناموس وایە بۆ قوربانیەکە .

## 4. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە کۆیلەکردنی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی بەندی 12 (تەکەم)(G) ، (C) ، 13(دووهەم)(V) و 13 ( چوارەم)(F)

کۆیلەکردنی سێکسی بریتیە لە بەکارهێنانی " موڵکداری" بەسەر قوربانیەکە لە لایەن بکەری تاوانەکە و زۆرلێکردن بۆ پێگیربوون لە کارێک یان زیاتر کە سروشتێکی سێکسی هەیە

## 5. تاوانی شەرەف

دامودەزگاکانی نێو دەولەتی رایانگەیاندوە کەوا سزانەدانی بکەرانی تاوانی شەرەف یاسای نێو دەولەتی پێشێل دەکات و ئازادی قوربانیەکە و خۆشبەختانەی مافی مرۆڤ پووچەڵ ئەکاتەوە . یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 چاوی پۆشیوە لە تاوانی شەرەف و ڕێی شایەتیدانی گرتووە لە ژن .

تاوانی شەرەف کارێکی توندو تیژیە دەرهەق بە ئافرەتی خزم کە وا زانراوە سەر شۆڕی جەسپاندووەتە سەر خێزانەکە بە هۆی جۆراوجۆر، وەک قایل نەبوون بە هاوسەریەکی ڕێکخراو ، بوونە قوربانی ئازاردانێکی سێکسی ، داواکردنی جیابوونەوە ، و یاخود بانگەشەکراوی ئەنجامدانی زینا.

## چاوپێخشاندنێک لە یاسای نێو دەوڵەتی سەبارەت بە ڕەچاوکردنی دەست درێژی سەر ناموس بە ئەشکەنجەدان

**دەست درێژی سەر ناموس لە یاسای نێو دەولەتی بە ئەشکەنجەدان ڕەچاو کراوە. دادگای باڵای عێراق پابەندە بە یاساکانی پێشوو کە لەلایەن دادگاکانی تاوانی جەنگی نێو دەولەتی دیکە دانراون . نموونەی بریارەکانیان و هەروەها ڕاپۆرتی دامودەزگاکانی نێودەولەتی دیکە لە خوارەوە داڕشتراوە.**

### دامودەزگاکانی نێودەولەتی دەست درێژی سەر ناموس بە کارێکی ئەشکەنجەدان ڕەچاو دەکەن

**دادگای تاوانکاری نێودەولەتی سەبارەت بە یۆگۆسلافیا کە دادوەری فۆرۆندیجا (Furundzija) ، سەلەبیتشی (Celebici) و کوناراک (Kunarac) ی کرد ، کە تۆمەتباران بە ئەنجامدانی کاری دەست درێژی سەر ناموس کاری ئەشکەنجەدانیان ئەنجام داوە.**

**حوکمی ئەکایەسو ( ICTR ) :** " هەر وەکو ئەشکەنجەدان، دەست درێژی سەر ناموس بەکار دێت وەک هۆکارێک بۆ ترساندن، ڕیسواکردن، بێ ڕێزلێنان، ڕەگەزپەرستی، کۆنترۆل کردنی سزادان و یاخود بۆ داشکاندنی کەسێک . هەر وەک ئەشکەنجەدان ، دەست درێژی سەر ناموس پێشێل کردنی شکۆمەندی کەسایەتیە ، و لە ڕاستیدا دەست درێژی سەر ناموس بە ئەشکەنجەدان دیار ئەبێت کاتێک کە فەرمانبەرێکی فەرمی یان هەر کەسێک کە لە پۆستێکی فەرمی کار دەکات ، ئەم کارە ئەنجام دەدات یان هانی دەدات یاخود ڕێگای پێ ئەدات یان چاوی لێ دەپۆشێت ." (1998)

**ڕاگەیاندنی ڕاگەیەنەری تایبەتی سەبارەت بە ئەشکەنجەدان بۆ کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ:** " چونکە ڕوونە کە دەست درێژی سەر ناموس یان هەر شێوەیەکی دیکەی ئازاردانی سێکسی دەرهەق بە ئافرەتی دەستبەسەرگیراو، پێشێل کردنێکی ئابرووبەری شکۆی ئەدگاری هەمیشەییە و پێشێل کردنی مافی شکۆی جەستەیی مرۆڤە ، بەگوێرەی ئەوە دەست درێژی سەر ناموس بە کارێکی ئەشکەنجەدان ڕەچاو ئەکرێت." (1992)

**ڕاگەیاندنی ڕاگەیەنەری تایبەت سەبارەت بە شێوەی نوێی کۆیلەکردن و دەست درێژی میتۆدی سەر ناموس و کۆیلەکردنی سێکسی و کرداری وەک کۆیلایەتی کاتی ناکۆکی چەکداری:** " کۆمیتەی پووچەڵ کردنی ڕەگەزخوازی دژ ئافرەت وەها بۆی دەرکەوت کە توندوتیژی دژ ئافرەت هەر بە هۆی ئەوەی کە ئافرەتە ، کە بریتیە لە " هەر کارێک کە ئەبێتە هۆی ئازاردان و ناڵینی سێکسی ، هۆشی یان جەستەیی" ، بە یەکێک لە شێوەکانی ڕەگەزخوازی ئەسەپێندرێت کەوا ڕێ ئەگرێت لە توانای ئافرەت بۆ چێژ وەرگرتن لە ئازادی و مافی مرۆڤ . بە پێی ئەوە ، لە زۆر حاڵەتدا بەشی ڕەگەزخوازی پێناسینی ئەشکەنجەدان لە پەیماننامەی ئەشکەنجەدان بنەمایەکی سەرەڕا دابین ئەکات بۆ دادکردنی توند و تیژی سێکسی و دەست درێژی سێکسی وەک کارێکی ئەشکەنجەدان." (1998)

### پێناسەی ئەشکەنجەدان

**دەقی پەیماننامەی دژ ئەشکەنجەدان و هەر سزادانێک یاخود مامەڵەکردنێکی نامرۆڤانە و دڵرەقانە و ڕیسوا کەرانە:**

بەندی 1- " ووشەی " ئەشکەنجەدان" بە مانای هەر کارێکە کە لە ئەنجامدا ئازارێک یان ناڵینێکی توندی جەستەیی یان هۆشی دەستەمبەست ئەچەسپێنێتە سەر کەسێک بە ئامانجی وەدەستهێنانی زانیاریەک یان دانپێنانێک لەو کەسە یان لە کەسێکی سێهەم ، یاخود بۆ سزادانی ئەو کەسە بەهۆی ئەنجامدانی کارێک یان گومانی ئەنجامدانی کارێک لە لایەن ئەو کەسەوە یان کەسێکی سێهەم، یان بۆ ترساندن یان زۆر لێکردنی ئەو کەسە یان کەسێکی سێهەم ، یاخود بۆ هەر هۆیەک لەسەر بنەمای هەر جۆرە ڕەگەزخوازیەک، کاتێک کە ئەم جۆرە ئازارە و ناڵینە چەسپاوە لە لایەن یاخود بە هاندانی یان بە ڕەزامەندی فەرمانبەرێکی فەرمی یان هەر کەسێکی دیکە کە پۆستێکی فەرمی هەیە ."

## کورتەی کێسەکان و زمانی بیرو بۆچوون

**بڕگەکانی ئەشکەنجەدان وەک کارێکی تاوانی دژ مرۆڤایەتی لە پێش ICTY و ICTR**

(1) سەپاندنی ئازارکێشانێک و نالێنێکی قورسی جەستەیی یان هۆشی بە کار کردن یان بە فەرامۆش کردنی کار.
(2) پێویستە کارەکە یان فەرامۆشکردنی کارەکە دەستمەبەست بێت .
(3) مەبەستی کارەکە یان فەرامۆشکردنی ،وەدەستهێنانی زانیاریە یان دانپێهێنانە ، یاخود مەبەستی سزادان، تۆقاندن یان زۆرلێکردنی قوربانیەکەیە یان لایەنێکی سێهەمە ، یان مەبەستی ڕەگەزخوازیە لە ،سەر هەر بنەمایەک، دژ قوربانیەکە یان هەر لایەنێکی سێهەم .

لە ساڵی 2001، دادوەری ICTY کە لە فۆکا بەسترا و بە گوێرەی یاسای نێودەولەتی ئاسایی ، مەرج نیە ئەشکەنجەدان ئەنجام بدرێت یان چاوی لێ داپۆشرێت یان ڕەزامەندی فەرمانبەرێکی فەرمی هەبێت یان هەر کەسێک کە دەسەڵاتی فەرمی هەیە .

دەست درێژکردنی سێکسی بە ئەشکەنجەدان ڕەچاو دەکرێت کاتێک کە بڕگەکانی ئەشکەنجەی تێدابێت .

**درێژەی هەندێک نموونەی دادوەری پێشووتر لە خوارەوە**

- **فۆرۆندیجا** (ICTY) ، دۆزینەوەی پێشێڵ کردنێکی ڕەوش و یاسای جەنگ (ئەشکەنجەدان) لەژێر بەندی 3ی یاسای ICTY.
- **" سەلەبیچی"** (ICTY) ، دۆزینەوەی پێشێڵ کردنێکی ترسناکی پەیماننامەی جنێڤ لە ژێر بەندی 2(b) (ئەشکەنجەدان) و پێشێڵ کردنی ڕەوش و یاسای جەنگ لە ژێر بەندی 3ی یاسای ICTY.
- **"فۆکا"**( ICTY ) ، دۆزینەوەی تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی لەژێر بەندی 5(f) ( ئەشکەنجەدان) و پێشێڵ کردنی ڕەوش و یاسای جەنگ لەژێر بەندی 3ی یاسای ICTY.
- **سیمانزا** (ICTY) ، دۆزینەوەی تاوانی دژ مرۆڤایەتی لە ژێر بەندی 3 (f)ی یاسایICTY (ئەشکەنجەدان).
- **ئایدن** ( ECHR) ، دۆزینەوەی پێشێل کردنی بەندی 3ی پەیماننامەی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (ECHR) ( قەدەغە کردنی ئەشکەنجەدان) .
- **مێجیا** (Inter-Am. C.H.R) ، دۆزینەوەی پێشێڵ کردنێکی بەندی 5 ی پەیماننانمەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ (مافی مامەڵەکردنی مرۆڤایەتی) .

## دادوەری تاوانکاری نێو دەوڵەتی سەبارەت بە یۆگۆسلاڤیای پێشوو (ICTY)
## داواکاری گشتی دژ فورۆندیجا – 1998/12/10

### راستیەکان
سەربازێک زۆری لە گەواهیدەر A کردووە بۆ خۆ ڕووت کردنەوە و مانەوە بە ڕووتی بەرامبەر ژمارەیەکی زۆری سەربازی دیکە کاتێک کاری لێپرسینەوەی ئەنجام دەدات . تۆمەتبار گەواهیدەری A بەجێهێشت لە ژێر دەسەڵاتی سەربازەکان کە جار دوای جار دەست درێژی سێکسیان لێی کردووە و ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونیان پێ گەیاندووە و ڕیسوایان کردووە.

### یاسا
- پێشێڵ کردنی ڕەوش و یاسای جەنگ ( ئەشکەنجەدان) لەژێر بەندی 3ی یاسای ICTY .

**بەندی 13 (دووهەم) یاسای IHT هاوشێوی بەندی 3ی یاسای ICTY.**

### زمانی بیرو بۆ چوون

پەرەگرافی 163 – دادوەری نێودەوڵەتی پێشووتر و ڕاگەیاندنەکانی ڕاگەیەنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕێگای پرۆسەکانی یاسایی، هێزێکی توند نیشان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی بەکارهێنانی دەست درێژی سێکسی کاتی دەستبەسەرگرتن و لێپرسینەوە بە هۆکارێکی ئەشکەنجەدان، و لە ئەنجامدا ئەبێتە پێشێڵ کردنی یاسای نێو دەوڵەتی . دەست درێژی سێکسی لە لایەن لێپرسەرەکە خۆی ئەنجام دەدرێت یاخود لە لایەن هەر کەسێکی دیکە کە بەشداری لێپرسینەوەی دەستبەسەرەکە دەکات ، وەک هۆکارێکی سزادان ، تۆقاندن، زۆرلێکردن یانیش ڕیسواکردنی قوربانیەکە . و ئەکرێتیش بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن و دانپێنان بێت لە قوربانیەکە یان هەر کەسێکی سێهەم .

پەرەگرافی 267 (i) - ئەنجومەنی دادگا بڕگەکانی ئەشکەنجەدانی بۆ دەرکەوت سەبارەت بە شایەت A . بە گوێرەی بنەماسازی بەندی 7(1) و دۆزینەوەی ئەنجومەنی دادگا سەبارەت بە بەرپرسی ئەشکنجەدانەکە ، تۆمەتبار بکەرێکی بەشدارە بە هۆی ئەوەی لێپرسینەوەکە بەشێکی جیاوەنەبووی ئەشکەنجەدانەکە بووە . ئەنجومەنی دادگاکە وەهای بینی کەوا تۆمەتبار ئەشکەنجەی شایەت A داوە .

پەرەگرافی 269 - لەبەر ئەوە ئەنجومەنی دادگاکە ، بۆی دەرکەوت کە تۆمەتبار بکەرێکی بەشداربوو بووە، و بە گوناهباری ڕەچاو کرد بە هۆی پێشێڵ کردنی ڕەوش و یاسای جەنگ ( ئەشکەنجەدان) .

## دادوەری تاوانکاری نێو دەوڵەتی سەبارەت بە یۆگۆسلاڤیای پێشوو (ICTY)
## داواکاری گشتی دژ دێلالیک ئێ ئال. (*"Celebici"*) – 1998/11/16

**ڕاستیەکان**

لە بەندیخانەی – ئۆردوگای سەلەبیچی ، یەکێک لە تۆمەتباران بە ناوی حازم دەلیک ، کە جلو بەرگی فەرمی لەبەر کردبوو ، دەست درێژی سێکسی لە دوو ئافرەتی بەندکراو دەکات لە میانەی لێپرسینەوە و بە درێژایی دەستبەسەربوونیاندا .

**یاسا**

- پێشێڵ کردنێکی توندی پەیماننامەی جنێڤ لەژێر بەندی 2( b) یاسای ICTY ( ئەشکەنجەدان).
  **بەندی 13(یەکەم)( b) یاسای IHT هاوشێوی بەندی 2(b) یاسای ICTY** ە .
- پێشێڵ کردنی ڕەوش و یاسای جەنگ لە ژێر بەندی 3ی یاسای ICTY.
  **بەندی 13(دووهەم)ی یاسای IHT هاوشێوی بەندی 3ی یاسای ICTY** ە .

**هۆخستنی دەرکەوتنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان**

- لە ناخی شکۆمەندی مرۆڤ و ڕاست و دروستی جەستەیی دەدات.
- کارەکە لە لایەن یان بە هاندانی فەرمانبەرێکی فەرمی ئەنجام دەدرێت ، یاخود بە ڕەزامەندی یان بە چاولێپۆشینی فەرمانبەرێکی فەرمی کە لە ئەنجامدا سزادان و زۆرلێکردن و ڕەگەزخوازی و ترساندنی تێدایە.
- لەوانەیە زیاد بکات بە گوێرەی ڕەوشی کەلتور و کۆمەڵایەتی ، و کاریگەریەکی تیژی هەیە و ماوەیەکی دوور و درێژ ئەخایەنێت.

### زمانی بیر و بۆچوون

<u>پەرەگرافی 495 -</u> " ئەنجومەنی دادگا ، دەست درێژی سەر ناموس لە هەر کەسێک ، بە کارێکی چاوشۆڕی ڕەچاو دەکات کە لە ناخی شکۆمەندی مرۆڤ و ڕاست و دروستی جەستەیی دەدات. مەحکوم کردن و سزادانی تاوانی دەستدرێژی سەر ناموس ئەبێتە کارێکی زۆر پێویست کاتێک کە لەلایەن یان بە هاندانی فەرمانبەرێکی فەرمی ئەنجام دەدرێت ، یاخود بە ڕەزامەندی یان چاوپۆشین لە لایەن ئەو جۆرە فەرمانبەرە. دەست درێژی سەر ناموس دەبێتە هۆی ئازارکێشان وناڵینێکی قورسی جەستەیی و دەروونی. ناڵینی دەروونی ئەو کەسەی کە دەست درێژی سەر ناموسی لێکراوە لەوانەیە زیاد بکات بە گوێرەی ڕەوشی کەلتور و کۆمەڵایەتی و لەوانەیشە کاریگەریەکەی ماوەیەکی دوور و درێژ بخایەنێت . سەرەڕای ئەوەش، تێڕوانینی ڕەوشی دەست درێژی سەر ناموس، کارێکی سەختە ، کاتێک کە لە لایەن، یان بە هاندانی فەرمانبەرێکی فەرمی ئەنجام دەدرێت. یاخود بە ڕەزامەندی یان چاوپۆشینێک لە لایەن فەرمانبەرێکی فەرمی ، کە ڕەچاو بکرێت بۆ هەر هۆیەک جگە لە سزادان و زۆر لێکردن و ڕەگەزخوازی و ترساندن. بە ڕای ئەنجومەنی دادگا ئەمە ئەدگارێکی هەمیشەییە لە باری ئازاوەگێری چەکداری."

<u>پەرەگرافی 496-</u> " بە پێی ئەوە ، هەر کاتێک کە دەست درێژی سەر ناموس یان هەر جۆرە توندو تیژیەکی سێکسی دەقاودەق بوو لەگەڵ پێوەرەکانی پێشتر باسکراو، ئەوە بە ئەشکەنجەدان ڕەچاو دەکرێت ، هەر وەک هەر کارێکی دیکە کە دەقاودەقە لەگەڵ ئەم پێوەرە."

# دادوەری تاوانکاری نێو دەوڵەتی سەبارەت بە یۆگۆسلافیای پێشوو (ICTY)
# داواکاری گشتی دژ کوناراک ئێ ئال ("فۆکا) – 2002/6/12

**ڕاستیەکان**

کوناراک قوربانیەکانی ژمارە FWS-75, FWS-87, FWS-50 و دی.بی برد بۆ ئولیکا ئۆسمانا دیکیکا ژمارە 16 . کە ئەو لەگەل سێ سەربازی دیکەش دەست درێژیان کردووەتە سەر ناموسی FWS-87 ، لە کاتێکدا چەند سەربازێکی دیکەش دەست درێژیان دەکردە سەر ناموسی FWS-75 و FWS-50 . کوناراک لە سەرەتادا تاوانبار کرا بە تۆمەتی دەست درێژی سەر ناموس و کۆیلەکردنی سێکسی ، چونکە کۆیلەکردنی سێکسی لە ناو ئەو تاوانانە نەبوو کە لە پێڕەوەکە ئاماژەی پێ کرابوو.

**یاسا**

- تاوان دژ مرۆڤایەتی لەژێر بەندی 5(f) ی یاسای ICTY ( ئەشکەنجەدان) .
  **بەندی 12(یەکەم) (f)ی یاسای IHT هاوشێوی بەندی 5(f)ی یاسای ICTY ە .**
- پێشێڵ کردنی ڕەوش و یاسای جەنگ لە ژێر بەندی 3ی یاسایICTY .
  **بەندی 13(دووهەم)ی یاسای IHT هاوشێوی بەندی 3ی یاسای ICTY ە .**

**هۆخستنی دەرکەوتنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان**

- تۆمەتبار دەستمەبەست ئەم کارەی ئەنجام داوە بە مەبەستی ڕەگەزخوازی نێوان ئەندامانی گروپی نەتەوەیی خۆی و موسڵمانەکان، بە تایبەتی ژن و کچ .
- ئەنجامی دەست درێژی سەر ناموس بووەتە هۆی ئازارێک و ناڵینێکی جەستەیی و هۆشی بۆ قوربانیەکە

.

## زمانی بیر و بۆچوون

**ئەنجومەنی دادگا**

پەرەگرافی 669 - ئەنجامی دەست درێژیە کەی سەر ناموس بووەتە هۆی ئازارێک و ناڵینێکی جەستەیی و هۆشی بۆ قوربانیەکە. ئەنجومەنی دادگا باوەڕی بەوەیە کە دراگۆلجوب کوناراک قوربانیەکانی بردووە بۆ ئولیکا ئۆسمانا دیکیکا ژمارە 16 تەنها بۆ دەست درێژی کردنە سەر ناموسیان و هەر لەبەر ئەو هۆیەش هەڵبژاردراون تەنها لەسەر بنەمای ڕەگەزی موسڵمانیەتیان.

**ئەنجومەنی پێداچوونەوە**

پەرەگراف 150 - بۆ چوونی ئەنجومەنی پێداچوونەوە ئەوەیە کەوا گریمانی داواکەری پێداچوونەوەکە ،کە ناڵینەکە پێویستە دیاربێت تەنانەت بۆ ماوەیەکی دووریش پاش ئەنجامدانی تاوانەکەی بەر پرسیار، گریمانێکی هەڵەیە . بە شێوەیەکی گشتی، ئەنجامی هەندێک کار ناڵینی ئەو کەسانەیە کە کارەکەیان بەسەر ئەنجام دەدرێت. زۆر بە ڕوونی دەست درێژی سەر ناموس لەم جۆرە کارانەیە. ئەنجومەنی دادگا بۆی دەردەکەوێ کە ئەم جۆرە ناڵینە هاتۆتە دی تەنانەت بە بێ بەڵگەنامەی پزیشکی. بێ گومان توندوتیژی سێکسی پلەی ئازارکێشان و ناڵینی جەستەیی یاخود هۆشی بەرز دەکاتەوە ، و بەم شێوەیە بە کارێکی ئەشکەنجەدان ئەسەلمێنرێت .

زمانی بیرو بۆ چوون ( بەردەوام)

پەرەگراف 151 -  واتا ئازار و ناڵینی قورس، کە پێویستی پێناسینی تاوانی ئەشکەنجەدانە، دێتە دی ئەو کاتەی کاری دەست درێژی سەرنامووس بسەڵمێندرێت. چونکە کاری دەست درێژی سەر نامووس بێ گومان ئەو شێوە ئازار و ناڵینەی تێدایە . واتا ئەنجوومەنی پێداچوونەوە وەها بۆێ دەچێت کەوا ئازار و ناڵینی قورسی، جەستەیی یان هۆشی، قوربانیەکە تانەی لێ نادرێت ، و ئەنجومەنی دادگا گەیشتە دەرەنجامێک کە ئازار و ناڵینەکە بە شێوەیەک بووە کە کاری داواکاری پێداچوونەوەکە بە کارێکی ئەشکەنجەدان ڕەچاو دەکات. و هیچ بنەمایەک نەدۆزراوەتەوە بۆ پێداچوونەوە لەم بارەیەوە و بۆیەش داوای داواکەری پێداچوونەوەکە ڕەت کراوەتەوە.

پەرەگرافی 670 - ئەنجومەنی دادگایی باوەڕەی وەهایە کە لە بەرواری 1992/8/2، دراگۆلجوب کوناراک چووەتە هۆڵی وەرزشی پارتیزان، و لەوێ FWS-75, FWS-87, FWS-50 و دی. بی دەرکردووە و بردوویانیەتیە ماڵی ئۆلیکا ئۆسمانا دیکیکا ژمارە 16 ، کە لەوێ چەند ئافرەتێک کە لە خوێندنگای کالینۆڤیک دەرکرابوون، ئامادەبوون، و ئەنجومەنی دادگایی باوەڕیشی بەوەیە کە کوناراک کاتێک ئەم ئافرەتانەی بردووەتە ئەم ماڵە ئاگاداری هەبووە کە شەو دەست درێژی ئەکرێتە سەر نامووسیان لە لایەن سەربازانەوە . ئەنجومەنی دادگا ئاگاداری هەیە کە کوناراک FWS-87 ی بردووەتە ژوورێکی ماڵەکە و زۆری لێکردووە بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی و ئاگاداری هەبووە کە ئافرەتەکە رازی نیە. و ئەنجومەنی دادگا هەروەها بە باوەڕە کەوا لەو ڕوودا وە، دەست درێژی کراوەتە سەر نامووسی FWS-75 و FWS-50 جار دوای جار لە لایەن سەربازی دیکەوە کاتێک کە کوناراک خەریکی دەست درێژی سەر نامووسی FWS-50 بووە. سەرەڕای ئەوەش، ئەنجومەنی دادگایی باوەڕی بەوەش هەیە کەوا دەست درێژی کراوەتە سەر نامووسی FWS-87 لە لایەن سەربازی دیکەشەوە هەر ئەو شەوە . ئەو ڕاستیەی کە کوناراک ئەو کچانەی بردووەتە ماڵەکە و بەجێی هێشتوون بۆ زەلامەکانی خۆی کاتێک کە ئاگادار بووە کە دەست درێژی دەکرێتە سەر ناموسیان ، بە کاری یارمەتیدان ڕەچاو دەکرێت و کاریگەریەکی زۆری هەبووە بەسەر کارەکانی ئەشکەنجەدان و دەست درێژ کردنە سەر ناموس کە لە لایەن زەلامەکانیەوە دواتر ئەنجام درا. واتا ئەو یارمەتیە هانی ئەو ئەشکەنجەدانە و دەستدرێژکردنە سەر ناموسەی داوە .

پەرەگرافی 816 - لە کورتەی دادگایی کردنی کۆتایی بەرگری ، تۆمەتبار زۆران ڤوکۆڤیک مشتومڕی ئەوەی کرد کەوا تەنانەت ئەگەر سەڵمێندرا کەوا دەست درێژی کردووەتە سەر نامووسی ئافرەتێک ، تۆمەتبار ئەو کارەی ئەنجام داوە بە هاندانێکی سێکسی ، نەوەک بە هۆی ڕق لێ بوون. هەرچەندە ئەوەی گرنگە لەم ناوەڕۆکەدا ، ئاگاداربوونیەتی لە هێرشەکەی دژ بە هاوڵاتیانی سیڤیلی موسوڵمان، کە قوربانیەکەی ئەندامێکی ئەوانە ، و وەک هۆکارێکی ئەشکەنجەدان، کە نیازی وا بوو جیاوازی بخاتە نێوان ئەو گروپەی کە خۆی یەکێکە لە ئەندامەکانی و گروپی قوربانیەکەی. هیچ مەرجێک نیە لە ژێر یاسای ئاسایی نێو دەولەتی کە ڕەوشتەکە تەنها بە هۆی یەکێک لە هۆیە قەدەغەکراوەکانی ئەشکەنجەدان ئەنجام بدرێت وەک ڕەگەزخوازی. هۆیە قەدەغەکراوەکە تەنها مەرجە بەشێک بێت لە هاندانی ڕەوشتەکە نەک هۆی سەرەکی یان تەنها هۆ بێت. ئەنجومەنی دادگاکە بێ گومانە کە بەکەمی ئەم کارە بە هۆیەکی سەرەکی بووە ، چونکە تۆمەتبار بە ڕوونی بە نیازی ڕەگەزخوازی کارەکەی ئەنجام داوە دژ ئەو گروپەی کە قوربانیەکە یەکێکە لە ئەندامەکانی ، واتا موسڵمانەکان، و دژ قوربانیەکەی بە شێوەیەکی تایبەت.

# دادوەری تاوانکاری نێو دەوڵەتی سەبارەت بە ڕواندا (ICTR)
# داواکاری گشتی دژ سێمانزا – 2003/5/15

**ڕاستیەکان**

تۆمەتبار، بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی و دەسەڵاتدارانی سەربازی، هانی حەشامەتێکی دا بۆ دەست درێژکردنە سەر ناموسی ئافرەتانی توتسی بەر لە کوشتنیان. قوربانی A یەکسەر دەست درێژی کرایە سەر ناموسی لە لایەن یەکێک لەو حەشاماتە.

**یاسا**

- تاوان دژ مرۆڤایەتی بە گوێرەی بەندی 3 (f) ی یاسای ICTR.
- **بەندی 12(یەکەم)(f) ی یاسای IHT هاوشێوی بەندی 3(f)ی یاسای ICTR ە .**

**هۆخستنی دەرکەوتنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان**

- بکەری تاوانەکە ناڵێنێکی هۆشی قورسی سەپاندووە کە برگەکانی مادی ئەشکەنجەدان پێکدێنێت .
- ئەنجام دانی دەست درێژیەکەی سەر ناموس لە سەر بناغەی ڕەگەزخوازی بووە.
- تۆمەتبار دەستمەبەست کارەکەی ئەنجام داوە و ئاگاداریش بووە کە هانی کەسانی دیکە دەدات بۆ ئەنجامدانی دەست درێژی سەرناموس بە مەبەستی ڕەگەزخوازی وەک بەشێکی هێرشی فراوانی سەر هاوڵاتیانی سیڤیل لەسەر بنەمای نەتەوەیی .

## زمانی بیر و بۆچوون

پەرەگرافی 482 - بە تێبینی کردنی، بە شێوەیەکی تایبەت، نهۆمی هەرە بەرزی ترساندن کە بە هۆی بارو دۆخی دەورو بەری ڕوودواوەکە هاتوەتە ئاراوە ، و سروشتی دەست درێژ کردنە سەر ناموسی قوربانی A ، ئەنجومەنەکە وەهای بۆ دەرکەوت کەوا بکەری تاوانەکە ناڵێنێکی هۆشی قورسی سەپاندووە ، کە برگەکانی مادی ئەشکەنجەدان پێکدێنێت. واتا زانینی ئایا ئەم دەست درێژیەی سەر ناموس ئازارێک و ناڵێنێکی جەستەیی قورسی هەبووە یان نا ، پێویست نیە ، چونکە داواکاری گشتی تەنها بەڵگەی ئەو ڕاستیەی پێویستە کە کارێکی سێکسی ڕووی داوە بێ رەزامەندی وەرگرتن .

پەرەگرافی 483 - ئەنجومەنەکە بۆی دەرکەوت کەوا دەست درێژی سەر نامووس ئەنجام درا لە سەر بنەمایەکی ڕەگەزخوازی ، و هەڵبژاردنی قوربانی A لەسەر بنەمای ئەوە بووە کەوا ئافرەتێکی سەر بە توتسییەکانە . ئەنجومەنەکە ئاماژە بەوە دەکات کە سەپاندنی ناڵێنێکی قورس بۆ مەبەستی ڕەگەزخوازی بە ئەشکەنجەدان ڕەجاو دەکرێت ، بۆیەش بۆی دەرکەوتووە کە بکەری سەرەکی تاوانەکە قوربانی A ئەشکەنجە داوە کاتی دەست درێژکردنی بۆ سەر ناموسی بە مەبەستی ڕەگەزخوازی.

زمانی بیرو بۆچوون ( بەردەوام)

پەرەگراف 484 - هەروەها بۆ ئەنجومەنەکە دەرکەوت کە ئەشکەنجەدانەکە بەشێک بووە لە هێرشێکی فراوان بۆ سەر هاوڵاتیانی سیڤیل، چونکە دەست درێژی کراوەتە سەر ناموسی قوربانیەکە بە هۆی ئەوەی کە قوربانیەکە سەر بە توتسیەکان بووە ، ئەو ڕەگەزە کە مەبەستی هێرشەکە بووە. بۆ ئەنجومەنەکە دەرکەوت کەوا بکەری تاوانەکە ئاگاداری چوارچێوەی فراوانتری کارەکەی بووە ، چونکە دانی بەوە ناوە کەوا بە سایەی هاندانی تۆمەتبارەکە کارەی ئەنجام داوە بۆ دەست درێژی کردنە سەر ناموسی ئافرەتان وەک بەشێک لە کاری فراوانتریان بۆ کوشتنی توتسی یەکان و ئاگاداریشی هەبووە کەوا کەسانی دیکەی حەشاماتەکەش هەر بە هەمان شێوە توتسیەکانیان دەستنیشان کردووە بۆ دەست درێژ کردنە سەر ناموسیان و کوشتنیان. واتا بۆ ئەنجومەنەکە دەرکەوت کەوا بکەری سەرەکی تاوانەکە کاری ئەشکەنجەدانی ئەنجام داوە وەک کارێکی تاوانی دژ مرۆڤایەتی .

پەرەگراف 485 - بۆ ئەنجومەنەکە دەرکەوت کە بە هاندانی حەشاماتێک بۆدەست درێژ کردنە سەر ناموسی ئافرەتان بە هۆی ڕەگەزیانەوە ، تۆمەتبارەکە هانی حەشاماتەکەی داوە بۆ سەپاندنی ئازارێک و ناڵێنێکی قورسی جەستەیی و هۆشی بە مەبەستی ڕەگەزخوازی. بۆیەش ئەو، نەک تەنها هانی دەست درێژی سەر ناموسی داوە بەڵکو هانی دەست درێژی سەر ناموسی داوە بە مەبەستی ڕەگەزخوازی، کە بە پێی یاسا بە کارێکی ئەشکەنجەدان ڕەچاو دەکرێت. بۆ ئەنجومەن دەرکەوت کەوا ووتەکانی بە شێوەیەکی نافەرمی بەستراوەتەوە و بەشداریەکی بنەڕەتی هەبووە لە ئەشکەنجەدانی قوربانی A ، چونکە یەکسەر پاش ووتارەکەی تۆمەتبارەکە، کە ئاراستەی حەشاماتەکەی کردووە، هێرشبەرەکە ، قوربانیA ڕاکێشاوەتە خانوویوکی نزیک و ئەشکەنجەی داوە لەڕێگای دەست درێژکردنە سەر ناموسی تەنها بە هۆی ئەوەی کە ئافرەتێکی توتسیە. ئەنجومەنەکە تێبینی ئەوەیە کەوا کاریگەری گشتی تۆمەتبارەکە بۆ سەر کۆمەڵگاکە و ئەو ڕاستیەی کە ووتارەکەی بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی و دەسەڵاتدارانی سەربازی بووە، ئەمە لە خۆیدا هێزێکی گەورەتر و شێوەیەکی یاسایی داوەتە هاندانەکەی . بۆ ئەنجومەنەکە دەرکەوت کەوا تۆمەتبارەکە دەستمەبەست کاری کردووە و ئاگاداریش بووە لەوەی کە ئەو کاریگەری هەیە بەسەر کەسانی دیکە بۆ ئەنجامدانی کاری دەست درێژی سەر ناموس بە مەبەستی ڕەگەزخوازی وەک بەشێک لە هێرشێکی فراوان بەسەر هاوڵاتیانی سیڤیل لەسەر بنەمایەکی ڕەگەزی. واتا ، ئەنجومەن بۆی دەرئەکەوێت کە تۆمەتبار، لە لایەنی تاوانباریەوە، بەرپرسە لە هاندانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی .

## دادگای باڵای عێراق
### *بڕیاری ئەنفال*

**ڕاستیەکان:**
تۆمەتباران بەرپرس بوون بۆ ئەنجامدانی کەمپێنی جینۆساید دژ هاوڵاتیانی کوردی عێراق. و وەک بەشێک لەو کەمپێنە، دەور گیرا لە هاوڵاتیانی سیڤیلی کورد و گواسترانەوە بۆ ئۆردوگای دەستبەسەری حکومەت. بەندکراوانی سیڤیل بەگوێرەی ڕەگەزی زایەنیان جیاکرانەوە، و شایەتمەندە ئافرەتەکان ڕاینگەیاند کەوا ئافرەتان هێشتانیش زیاتر جیا کرانەوە ، بە جیاکردنەوەی ئافرەتانی گەنج لەوانەی دیکە. چەندین شایەتمەند شایەدیان دا کەوا دەست درێژیەکی سەر نامووسی فراوان ڕووی دا لەم ئۆردوگایانە ، کە هەندێک جاریش بەرامبەر خزم و کەسی قوربانیەکەش .

**یاسا:**
- تاوان دژ مرۆڤایەتی بە پێی بەندی 12(1)(F)ی یاسای IHT

**هۆخستنی دەرکەوتنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان**
- بکەرەکە بووەتە هۆی ئازارێک و ناڵینێکی توند بۆ تاکە کەسێک یان زیاتر.
- قوربانیەکە لە لایەن بکەرەکەوە دەتبەسەر کرابوو یاخود لەژێر دەسەلاتی دا بوو.
- تۆمەتبارەکە دەستمەبەست کاری کردووە و ئاگادار بووە کە کارەکەی بەشێک بووە لە هێرشێکی پێوەر گەورەی سیستەمی دژ هاوڵاتیانی سیڤیل ، یاخود بە نیازی ئەوە بووە.

## زمانی بیر و بۆ چوون

" واتا ، بەڵگەنامەی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی لێرەدا زۆرە ، وەک خوارەوە:
لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ، لێدان، [....] بەڵگەنامەی دەست درێژی سەر ناموس، [...]" لاپەرە 553)

لە جیاتی وەسف کردنی کاریگەری دەست درێژی سەر ناموس بۆ ڕەوا کردنی دەرئەنجامەکەی وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ئەشکەنجەدان، وەک ئەوەی دادوەرەکانی ICTY کردیان، دادوەرانی IHT بە ئاسایی دەست درێژی سەر ناموسیان لەم ناوەرۆکە بە کارێکی ئەشکەنجەدان ڕەچاو کرد.

# دادگای ئەوروپی سەبارەت بە مافی مرۆڤ
# ئەیدن دژ تورکیا – 1997/8/26

**ڕاستیەکان**

پێشکەشکەری داواکە براوەتە ژوورێک بۆ لێپرسینەوە لە بنکەی جەندرمە و دەست درێژی کرایە سەر ناموسی لە لایەن تاکە کەسێک کە جل و بەرگی فەرمی لەبەر بووە.

**یاسا**

- پێشێل کردنی بەندی 3 ی پەیماننامەی ئەوروپا ( قەدەغە کردنی ئەشکەنجەدان) سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (ECHR) .

**بەندی 13(یەکەم) (b) یاسای IHT هاوشێوی بەندی 3ی یاسای ECHR ە .**

**هۆخستنی دەرکەوتنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان**

- شێوەیەکی ترسناک و نا پەسەندی خراپ مامەڵەکردنە .
- تاوانبار ( فەرمانبەرێکی فەرمی) تواناى سوودهێنانی ئاسانی بەرگەنەگرتن و لاوازی بەرگری قوربانیەکەی.
- جێ برینێکی قوولی دەروونی لە قوربانیەکە بەجێ ئەمێنێت .
- ئازارێکی جەستەیی تیژ بە هۆی بەزۆرداری چوونە ناوەوە.

## زمانی بیر و بۆچوون

پەرەگراف83 - " پێویستە دەست درێژی سەر ناموس لە لایەن فەرمانبەرێکی فەرمی دەولەت بە تایبەتی ڕەچاو بکرێت بە کارێکی ترسناک و نا پەسەندی خراپ مامەڵە کردن بە مەرجی ئەوەی کە تاوانبار بە ئاسانی سوودی هێناوە لە بەرگەنەگرتن و لاوازی بەرگری قوربانیەکەی. سەرەڕای ئەوەش، دەست درێژی سەر ناموس جێبرینێکی دەروونی قوول بەجێ دێلێت لە قوربانیەکە کە کات چارەسەری ناکات بە هەمان خێرایی کە شێوەکانی دیکەی توندو تیژی هۆشی و جەستەییچارەسەر دەکرێت . هەروەها پێشکەشکەری داواکە ئازارێکی تیژی جەستەیی کێشاوە بە هۆی بە زۆرداری چوونە ناوەوە، کە بێ گومان هەستی بە کەمی بەهای و پێشێل کردنی جەستەیی و سۆزی کردووە ."

پەرەگرافی 86 - " لەسەر بناغەی ئەم پشتینیەوە، دادگا باوەڕی وەهایە کەوا کۆکەرەوەی کارەکانی توندو تیژی جەستەیی و هۆشی کە سەپاندراوەتە سەر داواکارەکە و بە تایبەتی کاری دڵ ڕەقی دەست درێژ کردنە سەر ناموس کە تووشی بووە بە کاری ئەشکەنجەدان ڕەچاو ئەکرێت بە پێشێل کردنی بەندی 3ی پەیماننامەکە."

**تێبینی**

بەندی سێهەمی ECHR پابەندێک ئەسەپێنێتە سەر دەولەتان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەری و سەرجەم بۆ ڕووداوەکانی ئەشکەنجەدان . ئەم پابەندیە نادیارە لە بیرۆکەی " چارەسەری کاریگەری" (بڕوانە ئاکسۆی دژ تورکیا 1 BHRC 625لە پەرەگرافی 646-647 ، 98 (1996)) . لێرەدا، وا دیار کەوت کە نیگەرانی سەرەکی داواکاری گشتی لە داواکردنی پشکنینێکی پزیشکی دڵنیابوون بووە لەوەی ئایا قوربانیەکە پاکیزەیی ماوە یان نا. لە جیاتی ئەوە پشکنینی پزیشکیەکە ئەبوایە بۆ دڵنیابوون بوایە ئاخۆ ئەم داواکارە قوربانیەکی دەست درێژی سەر ناموسە . هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی دەروونی ئاخۆ هەڵوێست و ڕەوشتی هی کەسێکە کە دەست درێژی ناموسی لێ کرابێت ، ئایدن هەروەها گەیشتە دەرەنجامێک کەوا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەری و سەرجەم ئەنجام نەدرا دەرهەقی بانگەشەکردنەکەی داواکارەکە . ئەم کار ئەنجام نەدانە کاریگەری هەر چارەسەریەکی دیکەی نەهێشت کە لەوانە بوو دیار بکەوێت بە پێی ناوەندیەتی ڕۆڵی داواکاری گشتی بۆ سیستەمی چارەسەرکردنەکە بە گشتی. واتا پێشێل کردنی بەندی 3ی پەیماننامەکە کراوە.

# کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ
# ڕاکێل مارتی دو مێجیا دژ پیرۆ – 1996/3/1

**ڕاستیەکان**
سەربازێکی خەڵکی پیرۆ ڕایگەیاندە ڕاکێل مێجیای کە بە تێکدەر ڕەچاو کراوە، و دەست درێژی کردە سەر ناموسی. دووبارە سەربازەکە گەڕاوەتەوە ، و ئەوی ڕاکێشاوەتەوە ژوورەکەی خۆی و دووبارە دەست درێژی کردووەتە سەر ناموسی .

**یاسا**
- پێشێل کردنی بەندی 5ی پەیماننامەی ئەمریکی ( مافی مامەڵەکردنی مرۆڤانە) سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ .
  **بەندی 13(یەکەم) (b) یاسای IHT هاوشێوە بۆ بەندی 5ی پەماننامەی ئەمریکی .**

- کۆمسیۆنەکە ئەشکەنجەدانی ناساندووە و سێ بڕگەی دامەزراندوە کە مەرجە ئەنجام درابێت بۆ دەرکەوتنی کاری ئەشکەنجەدان بە گوێرەی بەندی 5ی پەیماننامەی ئەمریکی .

1) پێویستە کارێکی دەستمەبەست بێت کە لە میانەیدا ئازار و ناڵینێکی جەستەیی و هۆشی ئەسەپێنرێتە سەر ئەو کەسە.
2) پێویستە بە بۆنەی هۆیەک ئەنجام بدرێت؛ وە
3) پێویستە لە لایەن فەرمانبەرێکی فەرمی ئەنجام بدرێت یان کەسێکی تایبەت کە لە لایەن ئەو فەرمانبەرە هان دراوە .

**هۆخستنی دەرکەوتنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان**
- بووەتە هۆی ناڵینێکی جەستەیی و هۆشی بۆ قوربانیەکە
- قوربانیەکە ئازاری پێگەیشتوە بە شێوەیەکی گشتی ، و لە هەندێک حالەتیشدا، تەنانەت سک پڕبوونیش ڕووی داوە
- شڵەقانێکی دەروونی کە لە ئاکامی سووک پێکردن و بە قوربانی کردن و ناڵینی گوناهبارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگاکەیان، کاتی ڕاگەیاندنی ئەوەی بەسەریان هاتووە.

## زمانی بیر و بۆچوون

" سەبارەت بە برگەی یەکەم، کۆمسیۆنەکە دەست درێژی سەر ناموس بە ئابرووبردنێکی جەستەیی و هۆشی ڕەچاو دەکات کە دەرئەنجامی کاری توند و تیژیە.... دەست درێژی سەر ناموسی قوربانیەکە دەبێتە هۆی ئازار کێشانێکی جەستەیی و هۆشی. سەرەڕای ئەو توند و تیژیەی کێشاویەتی کاتی ئەنجام دانی کارەکە، بەڵکو قوربانیەکە بە جۆرێکی گشتیش ئازاری پێ گەیشتوە، و تەنانەت لە هەندێک حالەتیشدا سکیشی پڕ کراوە. ئەو ڕاستیەش کە قوربانیەکە بووەتە بابەتێکی ئابرووبردن بەم شێوەیە ، بووەتە هۆی شلەقانێکی دەروونی کە لە لایەکەوە ئەنجامی سووک کردن و کردنە قوربانی بووە، و لە لایەکی دیکەشەوە ناڵین کێشانی گوناهبارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگاکەیان کاتی ڕاگەیاندنی بەسەرهاتیان. ... [ سەبارەت بە برگەی دووهەم] دەست درێژی کراوەتە سەر ناموسی راکێل مێجیا بۆ سەپاندنی سزایەک بەسەریدا بە تایبەتی و هەروەها بۆ ریسوا کردنی ... [سەبارەت بە برگەی سێهەم] ئەو زەلامەی کە دەست درێژی کردووەتە سەر ناموسی راکێل مێجیا ئەندامێکی هێزی ئاساییش بووە ... و بە گوێرەی ئەوەی کە هەر سێ برگەی پێناسەی ئەشکەنجەدان لەم کێسە دامەزراوە و ڕوونە ، کۆمسیۆنەکە گەیشتە دەرەنجامێک کە حکومەتی پیرۆ بەرپرسە لە پێشێل کردنی بەندی 5ی پەیماننامەی ئەمریکی ."

# تاوانی سەرەکی ڕەگەزی زایەنی

## 1. پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە دادگای باڵای عێراق (IHT ) و لە یاسای نێو دەولەتی بەندی 12 (یەکەم) ( G) ، 13(دووهەم) ( V ) و 13 ( چوارەم) (F)

پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە بڕگەی تاوانی IHT ئەمەیە:

بکەری تاوانەکە هێرشی کردووەتە سەر جەستەی تاکە کەسێک و پێوە نووساوە و ئەنجامی ئەم کارە پیاکردنە ، هەرچەندە کەم بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی جەستەی قوربانیەکە یان بکەری تاوانەکە بە ئەندامێکی سێکسی ، یان بۆ ناو کونی کۆمی یان کونی زایەنی قوربانیەکە بە هەر شتێک یان هەر ئەندامێکی دیکەی لەش .

هێرشەکە بە توندی ئەنجام دراوە ، یاخود بە هەرەشەلێدانی بەکارهێنانی توندی یان زۆرلێکردن ، بۆ نموونە، لە ترسی توندو تیژی ، گەف گرتن، دەستبەسەرگرتن، چەوسانەوەی دەروونی یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دەرهەق بەو کەسە یان کەسێکی دیکە ، یان سوود وەرگرتن لە دەوروبەرێکی زۆرلێکەری ، یان هێرشەکە دەرهەق کەسێکە کە تواناى دانی مۆڵەتێکی ڕەسەنی نیە .

## 2. . چاوپێخشاندنێک لە ڕەچاو کردنی دەست درێژی سەر ناموس وەک کارێکی ئەشکەنجەدان لە یاسای نێو دەوڵەتی

لە ڕەوشێکی تایبەت، دەست درێژی سەر ناموس بە ئەشکەنجە دان دەرکەوتووە لە ژێر یاسای نێو دەولەتی لە لایەن ICTY و ICTR .

دەست درێژی سەر ناموس زۆرجار بەکاردێت وەک هۆکارێکی ترساندن ، ریسوا کردن ، بێ ڕێزگرتن ، ڕەگەزخوازی ، کۆنترۆلکردنی سزا یان داشکاندنی کەسێک و پێویستە و ئەکرێت دەست درێژی سەر ناموس وەک هۆکارێکی ئەشکەنجەدان دادگایی بکرێت .

## 3. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە توندو تیژی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی بەندی 12 ( یەکەم) (G) ، 13(دووهەم) (V) و 13 (چوارەم)(F)

توندوتیژی سێکسی ئەو تاوانانە ئەگرێتەوە کە پێناسینی " دەست درێژی سەر ناموس" نایگرێتەوە بەڵام سروشتێکی سێکسی هەر هەیە و ئازارەکەی و ریسوابوونەکەی هەر وەک دەست درێژی سەر ناموس وایە بۆ قوربانیەکە .

## 4. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە کۆیلەکردنی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی بەندی 12 (یەکەم)(G) ، (C) ، 13(دووهەم)(V) و 13 ( چوارەم)(F)

کۆیلەکردنی سێکسی بریتیە لە بەکارهێنانی " موڵکداری" بەسەر قوربانیەکە لە لایەن بکەری تاوانەکە و زۆرلێکردن بۆ پێگیربوون لە کارێک یان زیاتر کە سروشتێکی سێکسی هەیە

## 5. تاوانی شەرەف

دامودەزگاکانی نێو دەولەتی ڕایانگەیاندوە کەوا سزانەدانی بکەرانی تاوانی شەرەف یاسای نێو دەولەتی پێشێل دەکات و ئازادی قوربانیەکە و خۆشبەختانەی مافی مرۆڤ پووچەڵ ئەکاتەوە . یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 چاوی پۆشیوە لە تاوانی شەرەف و ڕێی شایەتیدانی گرتووە لە ژن .

تاوانی شەرەف کارێکی توندو تیژیە دەرهەق بە ئافرەتی خزم کە وا زانراوە سەر شۆڕی جەسپاندووەتە سەر خێزانەکە بە هۆی جۆراوجۆر، وەک قایل نەبوون بە هاوسەریەکی ڕێکخراو ، بوونە قوربانی ئازاردانێکی سێکسی ، داواکردنی جیابوونەوە ، و یاخود بانگەشەکراوی ئەنجامدانی زینا.

# چاوپێخشاندنێک لە توندو تیژی سێکسی لە یاسای نێودەولەتی

## توندوتیژی سێکسی چیە ؟

**پێناسین**
ووشەی "دەست درێژی سەر ناموس" پێناسەیەکی تەسکی هەیە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی دیکەی توندوتیژی ناگرێتەوە کە هەمان ئازارکێشان و سووک پێ کردنی هەیە بەسەر قوربانیەکە . توندوتیژی سێکسی تەنها ئاراستەی ئافرەت ناکرێت بەڵکو بەڵگەی زۆرتر هەیە بۆ توندوتیژی سێکسی کە دەرهەق بە پیاو ئەنجام دراوە.

زاراوەی " توندوتیژی سێکسی" ئەمانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:

- توندوتیژی بۆ ئەندامی سێکسی
- دەست درێژی سێکسی ماددی کە هێمای پێوەنووساندنی جەستەیی تێدایە .
- دەست درێژی سێکسی دەروونی وەک بەزۆر ڕووتکردنەوە.
- هەڕەشەلێدان و سووک پێکردنی سێکسی
- کۆکەرەوەی هەر یەکێک لەوانەی سەرەوە

**نموونە**
**"**لەشفرۆشتنی زۆرداری ، کۆیلەکردنی سێکسی، سک پڕکردنی زۆرداری، بە دایکبوونی زۆرداری، لەباربردنی زۆرداری، نەزۆکی پێکردنی زۆرداری، دەست درێژی نا ڕێزانە [ کە شێواندنی ئەندامی سێکسی ئەگرێتەوە]، بازرگانی پێ کردنی لەش، پشکنینی پزیشکی ناگونجاو و گەڕان بە دوای ڕووت کردنەوە. " ، ڕووتکردنەوەی زۆرداری و هەرە زۆرتر ...

## پێڕەوی IHT 2005

**زمانی IHT یەکسەر لە پێڕەوی ڕۆما وەرگیراوە: تۆمارکردنی توندوتیژی سێکسی وەک تاوانێک بە گوێرەی یاسای عێراقی:**

بەشی دوو: تاوانی دژ مرۆڤایەتی – بەندی 12

G. دەست درێژی سەر ناموس ، کۆیلەکردنی سێکسی ، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سک پڕکردنی زۆرداری، یاخود هەر شێوەیەکی دیکەی **توندوتیژی سێکسی** کە هەمان کێشەی هەیە ؛

H. چەوساندنەوەی هەر لایەنێک یاخود گروپێکی تایبەتی خەڵک لەسەر بناغەی سیاسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی، کەلتوری، ئایینی، زایەنی ... بە پەیوەندی لەگەڵ هەر کارێک کە ئاماژەی پێ کراوە وەک شێوەیەکی **توندوتیژی سێکسی** کە هەمان کێشەی هەیە .

بەشی سێ: تاوانی جەنگ – بەندی 13

یەکەم : V. ئەنجامدانی دەست درێژی سەر ناموس، کۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سک پڕ کردنی زۆرداری، یان هەر شێوازێکی دیکەی **توندوتیژی سێکسی** کە هەمان کێشەی هەیە ؛

چوارەم: F. ئەنجامدانی دەست درێژی سەر ناموس، کۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سک پڕ کردنی زۆرداری، یان هەر شێوازێکی دیکەی **توندوتیژی سێکسی** کە هەمان کێشەی هەیە ؛

## پەرەسەندنی توندوتیژی سێکسی لە یاسای نێو دەولەتی

- داواکاری گشتی وەک تۆمەتێک تۆماری کردبوو لە بەڵگەنامەی تاوانباری دژ جان پۆل ئەکایەسو هەرچەندە بەتاوان تۆمارنەکرابوو لە ICTR .
- ICTR بۆی دەرکەوت کە ئەکایەسو گوناهبارە بە تاوانی توندوتیژی سێکسی و بەم بڕیاردانە کاری توندوتیژی سێکسی بە تاوانێکی نێودەولەتی ڕەچاو کرا.
- پێڕەوی ڕۆما بووە یەکەمین ئامرازی یاسایی کە بە فەرمی توندوتیژی سێکسی بە تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی و تاوانێکی جەنگ تۆمارکرد.
- کاتێک کە عێراق IST تێپەڕان، هەندێک دەق ڕاستەوخۆ وەرگیرابوو لە پێڕەوی ڕۆما، کە تێیدا توندوتیژی سێکسی بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ مرۆڤایەتی تۆمار کراوە و پێویستە لە لایەن دادگاوە دادوەری بکرێت.

### دادگای تاوانکاری نێودەولەتی سەبارەت بە رواندا
### ئەکایەسو

**ڕاستیەکان:**
وەک سەرۆکێک، جان پۆل ئەکایەسو بەرپرس بوو لە سەپاندنی یاسا و سیستەمی گشتی لە کۆمەڵگاکەی. ئەو کۆمەڵگایە کە تێیدا بە کەمی 2000 هاوڵاتی توتسی کوژران. ئافرەتانی سیڤیل بە شێوەیەکی بەردەوام ، لەلایەن میلیشیای چەکداری ناوخۆیی و /یان پۆلیسی کۆمەڵگاکە ، ڕادەکێشران و لە دەوروبەری نوسینگەکانی کۆمەڵگاکە تووشی توندوتیژی سێکسی و/یان لێدان دەبوون. ئافرەتان چەندین جۆری توندوتیژی سێکسیان کێشاوە کە هەندێک جاریش لەلایەن چەندین هێرشبەرەوە ئەنجام دراوە. میلیشیاکانی هوتو بە شێوەیەکی گشتی شێواندنی ئەندامەکانی سێکسی و ریسواکردنی گشتییان سەپاندووەتە سەر قوربانیەکان بۆ زیادکردنی ناڵینیان. ژن و کچ تووشی:

- دەست درێژی سەر ناموس بوونە .
- ڕووت کراونەتەوە و /یان بریندار کراون و لە خراونەتە بەرچاو خەلک بۆ گاڵتەپێکردن .
- تووشی ناڵینی شێواندنی ئەندامەکانی سێکسی و برینەوەی مەمک و سمت بوونە
- پارچە داری درەخت ختسراوەتە ناو ئەندامی زایەنیان.

**تاوانبارکردن:**
**تاوانبارکردنەکە توندوتیژی سێکسی بە تاوانێکی جەنگی جیاواز پۆلێن دەکات لەوانەی کە لە پێڕەوی *ICTR* باس کراون.**

پەرەگرافی 10A " لەم تاوانباریە، کارەکانی توندو تیژی بریتی بووە لە خستنە ناوەوەی ئەندامی زایەنی پیاو بە زۆرداری بۆ ناو ئەندامی زایەنی ئافرەت و ناو کۆمی یاخود ناو بۆشایی دەمی و/یان خستنە ناوەوەی زۆرداری چەند شتێکی دیکە بۆ ناو ئەندامی زایەنی ئافرەت یاخود بۆ ناو کۆمی، و هەروەها ڕیسوا کردنی سێکسی وەک ڕووتکردنەوەی زۆرداری."

**پێڕەوی ICTR :**
**پێڕەوەکە زاراوەی 'توندوتیژی سێکسی' بەکار ناهێنێت .**

<u>بەندی 3: تاوانی دژ مرۆڤایەتی</u>
(g) دەست درێژی سەر ناموس
(i) کاری نامرۆڤانەی دیکە

<u>بەندی 4: پێشێل کردنی بەندی 3 کە هاوبەشە لەگەل پەیماننامەی جنێڤ</u>
(e) دەست درێژی سەر شکۆمەندی کەسایەتی. بە تایبەتی لە ڕێگای مامەڵەکردنێکی کەم کەرەوە و ریسواکەرە ، دەست درێژی سەر ناموس، لەشفرۆشتنی زۆرداری و هەر شێوەیەکی دەست درێژکردنی بێ ڕێزانە.

## پێڕەوی رۆمای دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی

**توندوتیژی سێکسی ئاشکرایانە به تاوانێکی جەنگ و تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی تۆمار کراوە بۆ یەکەم جار.**

بەندی 7 : تاوانەکانی دژ مرۆڤایەتی

1. (g) دەست درێژی سەر ناموس، کۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سک پڕکردنی زۆرداری ، نەزۆکی پێکردنی زۆرداری، یان هەر شێوەیەکی دیکەی **توندوتیژی سێکسی** کە هەمان کێشەی هەیە؛

بەندی 8: تاوانەکانی جەنگ

2. (b) (xxii) ئەنجامدانی دەست درێژی سەر ناموس، کۆیلە کردنی سێکسی، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سک پڕکردنی زۆرداری .... نەزۆکی پێکردنی زۆرداری یان هەر شێوەکی دیکەی **تاوندوتیژی سێکسی** کە پێشێڵ کردنی پەیماننامەی جنێڤیشی تێدا بێت.

(e) (vi) ئەنجامدانی دەست درێژی سەر ناموس، کۆیلە کردنی سێکسی، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سک پڕکردنی زۆرداری ، کە لە بەندی 7 پێناسە کراوە ، پەرەگرافی 2 (f)، نەزۆکی پێکردنی زۆرداری، و هەر شێوەیەکی دیکەی **توندوتیژی سێکسی** کە پێشێڵ کردنێکی توندی بەندی 3 یە کە هاوشێوە لەگەڵ هەر چوار پەیماننامەکانی جنێڤ؛

## بڕگەکانی تاوانەکانی ICC

بەندی 7 (1) (g)-**6**
تاوانی توندوتیژی سێکسی دژ مۆڤایەتی
1. بکەرەکە کارێکی ئەنجامداوە کە سروشتێکی سێکسی هەبووە دژ کەسێک یان زیاتر، یان بووەتە هۆی بەشدار بوونی کەسێک یان زیاتر لە کارێک کە سروشتی سێکسی هەبووە بە زۆر یان بە هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی هێز یان زۆرلێکردن ، وەک ئەوەی لە ترسی توندوتیژی ، زۆرلێکردن، دەستبەسەرکردن ، چەوساندنەوەی دەروونی یان ناتەواو بەکارهێنانی دەسەلات دژ ئەو کەسە یان ئەو کەسانە یان کەسێکی دیکە، یان بە سوود وەرگرتن لە دەورو بەرێکی زۆرلێکەری یان ناتوانایی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بۆ دانی رەزامەندیەکی راستەقینە.

بەندی 8 (2) (b) (xxii)-**6**
تاوانی جەنگی توندوتیژی سێکسی
1. بکەرەکە کارێکی ئەنجامداوە کە سروشتێکی سێکسی هەبووە دژ کەسێک یان زیاتر یان بووەتە هۆی بەشدار بوونی کەسێک یان زیاتر لە کارێک کە سروشتی سێکسی هەبووە بە زۆر یان بە هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی هێز یان زۆرلێکردن ، وەک ئەوەی لە ترسی توندوتیژی ، زۆرلێکردن، دەستبەسەرکردن ، چەوساندنەوەی دەروونی ، یان ناتەواو بەکارهێنانی دەسەلات دژ ئەو کەسە یان ئەو کەسانە یان کەسێکی دیکە، یان بە سوود وەرگرتن لە دەورو بەرێکی زۆرلێکەری یان ناتوانایی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بۆ دانی رەزامەندیەکی راستەقینە.

پێڕەوی دادگای باڵای عێراقی دەسەڵات دەداتە IHT سەبارەت بە تاوانەکانی توندو تیژی سێکسی ، ( بەندی 12(1)(G)؛ 12(1)(H)؛ 13(2)(V)؛ 13(4)(F)) جگە لە دەست درێژی سەر ناموس ، هەرچەندە تەنها 12(1)(H) دانرابوو لەناو تۆمەتەکان، " چەوساندنەوە .... بە پەیوەندی لەگەڵ هەر کارێک کە بە شێوەیەکی توندو تیژی هەمان کێشە ئاماژەی بۆ کراوە..."  ئەمە یەکێکە لە هەرە تێنەگەیشتراوە تۆمەتەکان، و وەها دیارە کە هەموو ئەو قوربانیانەی کە شایەتی توندو تیژی سێکسیان داوە شایەتیەکەیان بەرەنگاری بوونیان بووە بۆ دەست درێژی سەر ناموس . ئاماژە هەبوو بۆ ئازاردانی سێکسی کە دەرهەق لایەنێکی سێهەم ئەنجام دراوە، بەڵام لە زۆربەی کێسەکاندا ڕوون نەبوو ئاخۆ ڕووداوەکە دەست درێژی سەر ناموس بووە یاخود شێوەیەکی دیکەی توندوتیژی سێکسی بووە. ( بۆ نموونە؛ شایەتی ژمارە 44 ڕایگەیاند کە پاسەوانەکانی "نوگرە سەلمان" دەست درێژی سێکسی و ئازاری کچی گەنجیان دەدا ؛ لە شایەتیەکە ڕوون نیە ئاخۆ "ئازاردان" ئاماژە بۆ دەست درێژی سەر ناموس یان توندوتیژی سێکسی دژ ئەو کچانە یان توندوتیژی نا-سێکسی دەرهەقیان دەکات).  تەنها جار کە شایەتی توندوتیژی درا جگە لە دەست درێژی سەر ناموس لە لایەن شایەتێک بوو کە ڕایگەیاند " ڕۆژێک، لە ژوورەکە دەرچووم و چاوم کەوتە سێ تاکە کەس هەڵواسرابوون ... ئەندامی زایەنیان بەسترابووە شووشەی گازەوە" . کاتێک کە ئەم هەموو ڕووداوانە بەکارهێنرا لە لایەن دادگاوە وەک بەڵگەنامەی تاوانی نێودەولەتی، بەکارهێنرا وەک بەڵگەنامەیەکی ئەشکەنجەدان، زیان پێگەیاندنی توندی جەستە و دەروون یان بەند کردن و بێ بەشکردنی توند لە ئازادی جەستە ، نەک وەک بەڵگەیەک بۆ دەست درێژی سەر ناموس [یاخود] هەر شێوەیەکی دیکەی توندوتیژی سێکسی کە هەمان کێشەی هەیە."

# مێژووی توندوتیژی سێکسی لە یاسای نێودەوڵەتی

**نوسراوەکانی لیبەر** (1863)

- فەرمانی گشتی ژمارە 100 کە سەرۆک ئەبراهام لینکۆلن ئیمزای کردووە بۆ ڕێکخستنی هەلسوکەوتی سوپای یەکێتیەکە لە میانەی شەری خۆبەخۆی وەلایەتە یەکگرتووەکان، زاراوەی "دەست درێژی سەرناموس"ی تێدا بووە و سزاکەی لە سێ دارەدان بووە.

- نوسراوەکە لە دواییدا بەکارهێنرا لە یاسای نێو دەولەتی لە ساڵی 1907 لە کۆنفرانسی ئاشتی نێو دەولەتی لە کۆپینهاگن و بووە بناغەی پەیماننامەی IV ی هاگ بۆ ڕێزگرتن لە یاساو نەریتی جەنگی سەر زەوی، هەرچەندە یاساکانی دەست درێژی سەر ناموس بە گۆڕانکاریەکی دراماتیکیدا تێپەڕ بوو.

**پەیماننامەی هاگ** (1907)

- لە یاساکانی هاوپێچی پەیماننامەی هاگ، بەندی 46 ، ڕایدەگەیەنێت کە "پێویستە ڕێز بگیرێت لە ماف و شەرەفی خێزان و ژیانی کەسایەتی و موڵکی تایبەت و هەروەها لە باوەڕ و چالاکی ئایینیش".

- لە کاتێکدا کە هیچ ئاماژەیەکی تایبەت نیە بۆ دەست درێژی سەرناموس ، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پشت بەستاربووە ئەم یاسایە بۆ قەدەغەکردنی.

**دادگای نۆرمبێرگ و تۆکیۆ** ( 1945/6)

- بروانامەی لەندەن کە دادگای سەربازی نێودەولەتی نۆرمبێرگی خولقاند ، هیچ ئاماژەیەکی نەکردوە بۆ تۆمەتی دەست درێژی سەر ناموس، هەرچەندە زۆربەڵگەی تاوانی سێکسی هەبووە لە دادوەریەکە و لەوانەیە ڕەچاو کرابێت لە ناو بڕیارەکانی دادگاکە.

- یاسای ئەنجومەنی چاودێری ژمارە 10، کە بناغەی دادکردنی نەۆمی خوارووی نازیەکان بوو، دەست درێژی سەر ناموسی بە تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی لە قەلەم دا.

- دادگای تاوانەکانی جەنگی تۆکیۆ دەست درێژی سەر ناموسی وەک تۆمەتێک ڕەچاو کرد و پشتی بەستە یاساکانی هاوپێچی پەیماننامەی هاگ کە پەیوەندی هەیە بە " شەرەفی خێزان".

**پەیماننامەی جنێف ( 1949) و پرۆتۆکۆلی سەرەرا** (1977)

- بەندی هاوبەشی 3: ئەم بەندە کە هاوبەشە لە هەر چوار پەیماننامەکانی جنێف، چەسپاوەتە سەر ناکۆکی چەکداری نا-نێودەولەتی و ڕێی گرتووە لە " دەست درێژی سەر شکۆمەندی کەسایەتی ، بە م تایبەتی مامەلەکردنێکی ریسواکەر و سووک کەری " دژ کەسانی پارێزراو ( واتا ئەو کەسانەی کە بەشداری چالاکی دوژمنداری نین)

- بەندی 27ی چوارەم پەیماننامەی جنێف، کە پەیوەندی هەیە بە پاراستنی کەسانی سیڤیل لە کاتی جەنگدا، ڕادەگەیەنێت کە " ئافرەت بە جۆرێکی تایبەت پێویستە بپارێزرێت دژ هەر هێرشێکی سەر ناموسی ، بە تایبەتی دژ دەست درێژی سەر ناموس و لەشفرۆشی زۆرداری ، یان هەر شێوەیەکی ئازاردانی بێ ڕێزانە."

- بەندی 75ی پرۆتۆکۆلی سەرەرا I ، کە پەیوەندی هەیە بە پاراستنی قوربانیەکانی ناکۆکی جەنگی نێودەولەتی، ڕێ دەگرێت لە " دەست درێژی سەر شکۆمەندی کەسایەتی ، بە تایبەتی مامەلەکردنی ڕیسوا کەرە و سووک کەرە و لەشفرۆشتنی زۆرداری و هەر شێوەیەکی ئازاردانی بێ ڕێزانە". بەندی 76 داوای پاراستنێکی تایبەت دەکات بۆ ئافرەتان کاتی ناکۆکی چەکداری .

- بەندی 4ی پرۆتۆکۆلی II ، کە پەیوەندی هەیە بە ناکۆکی چەکداری ناوخۆ :ڕی دەگرێت لە " دەست درێژی سەر شکۆمەندی کەسایەتی ، بە تایبەتی مامەڵەکردنی ڕیسواکەرە و سووک کەرە و دەست درێژی سەر ناموس و لەشفرۆشتنی زۆرداری و هەر شێوەیەکی ئازاردانی بێ ڕێزانە ."

**دادگاکانی تاوانکاری نێودەولەتی سەبارەت بە یۆگۆسلاڤیا و ڕواندای پێشوو** ( 1993 و 1994)

- پێڕەوی ICTY و ICTR دەست درێژی سەر ناموس بە تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی لە قەلەم دەدا لە ناو دەسەڵاتی یاسایی دادگاکە ، بەڵام نەک لە ناو پێشێڵ کردنە گرنگ و توندەکانی یاساو نەریتی جەنگ.

- لە تێگەیشتنی ئەم دوو دادگایە ، دەست درێژی سەر ناموس و شێوەی دیکەی توندو تیژی سێکسی و ڕەگەزی لە ناو توندترین تۆمەت ناساندراون و هەر بەو جۆرەش دادوەری کراون. کێسەکان دەست درێژی سەر ناموس و توندوتیژی سێکسی دیکەیان بە جینۆساید و ئەشکەنجەدان و کاری نامرۆڤانەی دیکە ناساندووە .

**پێڕەوی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی** (1998)

- بە تایبەتی ڕێ دەگرێت لە " دەست درێژی سێکسی، کۆیلەکردنی سێکسی ، لەشفرۆشتنی زۆرداری، سك پڕ کردنی زۆرداری و شێوەی دیکەی توندو تیژی سێکسی." بەندی 7(1) (g) – تاوانی دژ مرۆڤایەتی ؛ بەندی 8(2)(b)(xxii)- تاوانی جەنگ لە ناکۆکی چەکداری نێودەولەتی؛ بەندی 8(2)(e) (vi) – تاوانی جەنگ لە ناکۆکی چەکداری نا-نێودەولەتی.

- بەندی 7(1)(h) ڕێ دەگرێت لە " چەوساندنەوە دژ گروپێکی ناسراو یاخود کۆمەڵە خەلکێک لەسەر بناغەی سیاسی ، ڕەگەزی ، نەتەوەیی، نیشتیمانی، کەلتوری، ئایینی، زایەندەیی وەک ئەوەی کە ناساندراوەتەوە لە پەرەگرافی 3، یان لەسەر بناغەی دیکە کە دان نراوەتە قەدەغەکردنی لە هەموو جیهاندا بەپێی یاسای نێو دەولەتی، بە پەیوەندی لەگەل هەرکارێک کە ئاماژەی بۆ کراوە لەم پەرەگرافە یان هەر تاوانێک لە ژێر دەسەڵاتی یاسایی دادگادا بێت."

- بەندی 7(1) (c) – کۆیلەکردن، کە بە مانای بەکار هێنانی هەر دەسەڵاتێک یان هەموو دەسەڵاتێک کە پەیوەندی هەیە بە مافی مولکداری کەسێک ، و بەکار هێنانی ئەم دەسەڵاتە بۆ بازرگانی پێکردنی خەلک ، بە تایبەتی ئافرەت و منداڵ.

**دادگای تایبەت بە سیرالیۆن** (2003)

- دادگای تایبەت سەبارەت بە سیرالیۆن لە لایەن حکومەتی سیرالیۆن و نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا . وەها ڕاسپاردرا بۆ دادگا کردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسترین کەسن بۆ پێشێڵ کردنی توندی یاسای مرۆڤایەتی نێودەولەتی و یاسای سیرالیۆن کە لە 1996/11/30 لە ناوچەی سیرالیۆن ئەنجام درا .

- دادگا تایبەتەکە دادگایەکی دووڕەگە ، دادوەران و داواکارانی گشتی ئەندامی سەر بە سیرالیۆنن و ئەندامی نێودەولەتیشی تێدایە و هەروەها فەرمانبەری نەتەوە یەکگرتوەکانیشی تێدایە .

- یانزە کەس کە پەیوەندیان هەبوو لەگەل هەر سێ لایەنە شەرکەرەکەی ئەو دەولەتە تاوانبار کران لە لایەن دادگا تایبەتەکە. تۆمەتبار کران بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ مرۆڤایەتی و چەند پێشێڵ کردنێکی دیکەی یاسای مرۆڤایەتی نێودەولەتی. تۆمەتەکان بریتی بوون لە کوشتن ، دەست درێژی سەر ناموس ، قڕکردن ، کاری تیرۆریستی، کۆیلەکردن ، دزین و سوتاندن ، کۆیلەکردنی سێکسی ، بە سەربازکردنی منداڵ و هێرش کردنە سەر هێزەکانی پاراستنی ئاشتی نێودەولەتی و کارمەندانی هاریکاری مرۆڤایەتی، و زۆر تاوانی دیکەش .

**ئەنجومەنی نائاسایی لە دادگای کەمبۆدیا** (2006)

- بە پێی رێکەوتنێک  نێوان نەتەوە یەکگرتوەکان و حکومەتی کەمبۆدیا دادگایەکی دووڕەگ دامەزرا بۆ دادگا کردنی سەرۆکانی خەمیری سوور .
- دادگاکە  دادوەر و داواکەری خۆیی تێدایە و کەمبۆدیەکان زۆربەی زۆرەکەن بەڵام هاوشێوە نێو دەولەتیەکانیان هێزی ڤیتۆیان دەبێت.
- دادگاکە  هێشتاکە دەستی پێ نەکردووە و بکەرەکان چاوەڕوانی تۆمارکردنی داواکانن .

# تاوانی سەرەکی ڕەگەزی زایەنی

## 1. پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە دادگای باڵای عێراق (IHT) و لە یاسای نێو دەوڵەتی بەندی 12 (یەکەم) (G) ، 13(دووهەم) (V) و 13 (چوارەم) (F)

پێناسینی دەست درێژی سەر ناموس لە برگەکانی تاوانەکانی IHT ئەمەیە:

کردووەتە سەر جەستەی تاکە کەسێک و پێوە نووساوە و ئەنجامی ئەم کارە پیاکردنە ، هەرچەندە کەم بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی جەستەی قوربانیەکە یان بکەری تاوانەکە بە ئەندامێکی سێکسی ، یان بۆ ناو کونی کۆمی یان کونی زایەنی قوربانیەکە بە هەر شتێک یان هەر ئەندامێکی دیکەی لەش .

هێرشەکە بە توندی ئەنجام دراوە ، یاخود بە هەڕەشەلێدانی بەکارهێنانی توندی یان زۆرلێکردن ، بۆ نموونە، لە ترسی توندو تیژی ، گەڤ گرتن، دەستبەسەرگرتن، چەوسانەوەی دەروونی یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دەرهەق بەو کەسە یان کەسێکی دیکە ، یان سوود وەرگرتن لە دەوروبەرێکی زۆرلێکەری ، یان هێرشەکە دەرهەق کەسێکە کە تواناى دانی مۆلەتێکی رەسەنی نیە .

## 2. چاوپێخشاندنێک لە یاسای نێو دەوڵەتی سەبارەت بە ڕەچاوکردنی دەست درێژی سێکسی وەک ئەشکەنجەدان

لە ڕەوشێکی تایبەت، دەست درێژی سەر ناموس بە ئەشکەنجە دان دەرکەوتووە لە ژێر یاسای نێو دەوڵەتی لە لایەن ICTY و ICTR .

دەست درێژی سەر ناموس زۆرجار بەکاردێت وەک هۆکارێکی ترساندن ، ریسوا کردن ، بێ ڕێزگرتن ، ڕەگەزخوازی ، کۆنترۆلکردنی سزا یان داشکاندنی کەسێک و پێویستە و ئەکرێت دەست درێژی سەر ناموس وەک هۆکارێکی ئەشکەنجەدان دادگایی بکرێت .

## 3. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە توندو تیژی سێکسی لە یاسای نێودەوڵەتی بەندی 12 ( یەکەم) (G) ، 13(دووهەم) (V) و 13 (چوارەم)(F)

توندوتیژی سێکسی ئەو تاوانانە ئەگرێتەوە کە پێناسینی " دەست درێژی سەر ناموس" نایگرێتەوە بەڵام سروشتێکی سێکسی هەر هەیە و ئازارەکەی و ریسوابوونەکەی هەر وەک دەست درێژی سەر ناموس وایە بۆ قوربانیەکە .

## 4. چاوپێخشاندنێک سەبارەت بە کۆیلەکردنی سێکسی لە یاسای نێودەوڵاتی بەندی 12 (تەکەم)(G) ، (C) ، 13(دووهەم)(V) و 13 ( چوارەم)(F)

کۆیلەکردنی سێکسی بریتیە لە بەکارهێنانی " موڵکداری" بەسەر قوربانیەکە لە لایەن بکەری تاوانەکە و زۆرلێکردن بۆ پێگیربوون لە کارێک یان زیاتر کە سروشتێکی سێکسی هەیە

## 5. تاوانی شەرەف

دامودەزگاکانی نێو دەوڵەتی ڕایانگەیاندوە کەوا سزانەدانی بکەرانی تاوانی شەرەف یاسای نێو دەوڵەتی پێشێل دەکات و ئازادی قوربانیەکە و خۆشبەختانەی مافی مرۆڤ پووچەڵ ئەکاتەوە . یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 چاوی پۆشیوە لە تاوانی شەرەف و ڕێی شایەتیدانی گرتووە لە ژن .

تاوانی شەرەف کارێکی توندو تیژیە دەرهەق بە ئافرەتی خزم کە وا زانراوە سەر شۆڕی جەسپاندووەتە سەر خێزانەکە بە هۆی جۆراوجۆر، وەک قایل نەبوون بە هاوسەریەکی ڕێکخراو ، بوونە قوربانی ئازاردانێکی سێکسی ، داواکردنی جیابوونەوە ، و یاخود بانگەشەکراوی ئەنجامدانی زینا.

# تاوانی شەرەف

**چاوپۆشینی یاساکانی عێراقی لەسەر کوشتنەکانی شەرەف، ڕێی ڕەوایی دەگرێت لە ئافرەتان ، ئەو ڕەوایە کە خواستراوە لە دەستوری عێراق و CEDAW وICCPR و بریاری ئەنجومەنی ئاساییشی ژمارە 1325.**

## پێناسینی تاوانەکانی شەرەف

کوشتنەکانی شەرەف باوترین شێوەی تاوانەکانی شەرەفە. ئەم کوشتنانە بە زۆربەی زۆری لەلایەن پیاوەوە ئەنجام دەدەرێت دەرهەق بە ئافرەتانی خزم و کەس ، کەوا بە رای ئەو پیاوانە، شوورەییان چەسپاندووەتە سەر خێزانەکە . لەوانەیە ئافرەتێک دەستنیشان بکرێت لەلایەن تاکە کەسێکی خێزانەکەی بە بۆنەی چەندین هۆی جۆراو جۆرەوە ، کە بریتیە لە: قایل نەبوون بە هاوسەریەکی ڕێکخراو ، بوونە قوربانی توندوتیژیەکی سێکسی، داواکردنی جیابوونەوە (تەنانەت لە هاوسەرێکی خراپیشەوە) ، یان بانگەشەکراوی ئەنجامدانی زینا. تەنها پێشبینی کردن کە ئافرەتێک هەڵسوکەوتی بە شێوەیەکی تایبەت بووە کە بووەتە هۆی چاوشۆڕکردنی خێزانەکەی ، گونجاوە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو ئافرەتە بۆ هێرشێک.

## ڕامیاری تاوانەکانی شەرەف لە عێراقدا

( بنۆڕە خشتەکە بۆ ڕامیاری جیهانی)

لە باکووری عێراقدا، زیاتر لە 4000 ئافرەت گیانیان لە دەست داوە تاکو ئەمڕۆ بە ناوی شەرەف. کوژەرەکان پێشکەش نەکراونەتە دادگا.
[کرداری ژنانی کوردوستان دژ کوشتنی شەرەف (KWAHK) ] ئامیارێکی تەواو نیە سەبارەت بە کوشتنی شەرەف بە هۆی ئەوەی کە ئافرەت دوودڵە بۆ سکاڵا پێشکەش کردن بە هۆی نارەوایی یاساکان .

## بەندەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 11ی ساڵی 1969 کە چاو دەپۆشێت لە تاوانەکانی شەرەف

( بنواڕە خشتەی هاوپێچ)

**بەندی 111ی یاسای سزادانی عێراقی کە لە لایەن سەدام حوسێنەوە پێشکەش کرابوو**
ئەو کەسەی کە بۆی دەردەکەوێت کەوا خێزانەکەی خۆی یان یەکێک لە خزم و کەسە ئافرەتەکانی کارێکی زینای ئەنجام داوە . یان بۆی دەرکەوت کە پیاوێکی خزمی خۆی کارێکی نێربازی ئەنجام داوە ، ئەوە ئەو کەسە لێبوردراوە لە سزادان کاتێک یەکێک لەوانە بکوژێت یان بریندارایان بکات.
**پەرەگرافی 128-(1)** ... ئەنجامدانی تۆمەتێک بە هاندانێکی شەرەف یان بۆ وەڵامدانەوەی تووڕەکردنێکی ناڕەوا وتوندی قوربانیەکە بەهانەیەکی هێورکەرەوەیە.
**بریاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش ژمارە 6ی ساڵی 2001:**
ڕەچاو کردنی کوشتنی ئافرەتێکی خێزان یان ئافرەتێکی خزم و کەسی نزیک ( مەحەرەم) بە هۆی پاراستنی شەرەف فاکتەرێکی هێورکەرەوەیە بە پێی یاسا.
بەگوێرەی ڕەوشەکانی ڕستەی (1) ی بەندی 42ی دەستور، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش ئەم بریارانەی خوارەوەی دا:
یەکەم: بە مەبەستی چەسپاندنی بەندی 130ی یاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969، کاتێک پیاوێک خێزانی خۆی یاخود مەحەرەمێک دەکوژێت بە بەهانەی پاراستنی شەرەف، یان کاتێک کە خزم و کەسێکی ئافرەتە کوژراوەکە ئەو کەسە بکوژێت کە سەرشۆڕی هێناوەتە سەر هەر کەسێکیان بە ئاماژە کردن بۆ ئەو کارە سەرشۆڕیە کە ئافرەتەکە لەسەری کوژراوە، ئەوە بە فاکتەرێکی هێورکەرە ڕەچاو دەکرێت.

| کوردوستانی عێراق: ڕاستکردنەوەی بڕگەکانی یاسای سزادان |
| --- |
| حکومەتی کوردوستان یاسای سزادانی عێراقی ڕاستکردووەتەوە لە ساڵی 2001 و 2002 بۆ لابردنی سزای هێورکەرە بۆ ئەو تاوانانەی کە بە هاندانی پاراستنی شەرەف ئەنجام دەدرێت . واتا، ئافرەتانی کوردوستان مافی زیاتریان هەیە لە ئافرەتانی پارچەکانی دیکەی عێراق .<br><br>• لە 2000/4/12 یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان (PUK) بڕیاری ژمارە 59ی دەرکرد:<br>نابێت سزادانی سووک سەبارەت بە کوشتن یان ئەشکەنجەدانی ئافرەت بە ناوی شتنی ئابرووچوون بچەسپێت. نابێت دادگا بەندی 130 و 132ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 بچەسپێنێت بۆ سووک کردنەوەی سزای بکەرەکە.<br>• پارتی دیموکراتی کوردوستان (KDP) بڕیاری ژمارە 14ی ساڵی 2002ی دەرکرد:<br>تاوانی دژ ئافرەت بە بیانووی 'هاندانی شەرەف' نابێتە پشت بەستنەوەیەکی یاسایی بۆ سووک کردنەوەی سزا و بەندی 130،128 و 131ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 ناچەسپیت. |

**دامودەزگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە تاوانی شەرەف**

**کۆبونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، خولی 59،کۆمیتەی سێهەم** ، تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر 2004
ئەبێ ڕوون بێت کەوا دەوڵەتان ئەرکی کۆشش کردنێکیان لەسەر شانە بۆ قەدەغەکردن و لێکۆڵینەوە و سزادانی بکەری تاوانەکان کە دەرهەق بە ئافرەت و کچ بە ناوی پاراستنی شەرەف ئەنجام دەدرێت و دابین کردنی پاراستنێک بۆ قوربانیەکان . و نەکردنی ئەم کارە پێشێل کردن و لاواز کردن و پووچ کردنەوەی خۆشی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بنچینەیی ئەوانەیە.

**ڕاسپاردەی گشتی کۆمیتەی CEDAW ، ژمارە 19**ی ساڵی 1992 پەرەگراف 24
کۆمیتەکە لەسەر پووچ کردنەوەی ڕەگەزخوازی دژ ئافرەت ڕادەسپێرێت کەوا:
(r) ئەو پێوەرانەی پێویستە بۆ زاڵ بوونە سەر توندوتیژی ناو خێزان بریتیە لە :
(ii) یاسادانان بۆ لابردنی بەرگریکردنی شەرەف سەبارەت بە ئازاردان و ڕەشکوژی ئافرەتێکی ئەندامی خێزان.

**چاودێری دەرئەنجامی کۆمیتەی CEDAW : عێراق** 2000/6/14 پەرەگراف 193،194
کۆمیتەکە نیگەرانیەکی زۆری هەیە سەبارەت بە توندوتیژی دژ ئافرەت کە لە ڕێگای کوشتنەکانی شەرەف ئەنجام دەدرێت.
کۆمیتەکە بە تایبەتی هانی حکومەت دەدا بۆ مەحکوم کردن و ڕەگەهەڵکێشانی کوشتنەکانی شەرەف و دڵنیا بوون کە ئەم تاوانانە ئەدرێنە دادگا و سزا ئەدرێن بە هەمان شێوەی تاوانی کوشتنی دیکە.

## یاسای نێو دەوڵەتی

**CEDAW ، بەندی 5(a)**
هەموار کردنی شێوازی کەلتور و کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوتی پیاو و ئافرەت بۆ گەیشتنە مەبەستی پووچەڵ کردنی لایەنگری و ڕەوش و هەموو کارەکانی دیکە کە لە سەر بیرۆکەی سەرکەوتنی یەک لە ڕەگەزەکانی زایەنی دامەزراوە و یاخود لەسەر ڕۆڵێکی ڕێکخراو بۆ پیاو یاخود بۆ ئافرەت .
یاسای نێو دەولەتی دەستنیشانی حالەتەکان دەکات کەوا نەریت و خوو دەستێوەردانی مامەلەکردنی ژن دەکات وەک هاولاتیەک و بوونەوەرێک کە هەمان مافی پیاوی هەیە.

**ICCPR ، بەندی 9**
هەر کەسێک مافی ئازادی و ئاسایشی کەسایەتی هەیە
پاراستنی نێو دەولەتی بۆ مافی ئافرەت بۆ سەربەخۆیی سێکسی ، لە بناخەی شکۆمەندی جەستە ش دیار کراوە کە لە یاساکانی ICCPR نوسراوە لە بەندی ئازادی و ئاسایشی کەسایەتی. واتا ، کاتێک کە ئافرەتێک بە توندی سزا دەدرێت بە بەهانەی ئەنجامدانی کارێکی سێکسی بەر لە هاوسەری بوونی، ئەوە مافی بریاردانی ئازادی ئەو ئافرەتە سەبارەت بە جەستەکەی ، پێشێل دەکرێت.

**بریاری ژمارە 1325ی ئەنجومەنی ئاسایش**

10. **بانگەواز** بۆ هەموو لایەنەکانی ناکۆکی چەکداری بۆ بەکارهێنانی پێوەرێکی تایبەت بۆ پاراستنی ئافرەت و کچ لە توندوتیژی کە لەسەر بناغەی ڕەگەز دامەزراوە. بە تایبەتی دەست درێژی سەر ناموس و هەر شێوەیەکی دیکەی خراپ بەکارهێنانی سێکسی ، و هەر شێوەیەکی دیکەی توندوتیژی لە کاتی ناکۆکی چەکداری.

11. **جەخت کردنە** سەر بەرپرس بوونی هەموو دەولەتان بۆ کۆتایی پێهێنانی دەربازبوون لە سزا ، و دادگا کردنی ئەوانەی کە بەرپرسن لە جینۆساید و تاوانی دژ مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ کە ئەو تاوانانەش ئەگرێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە توندوتیژی دژ ئافرەت و کچ ، و جەخت کردنە سەر نەگرتنەوەی ئەم تاوانانە لە یاساکانی لێبوردنی گشتی.

## ئاراستەکانی نێودەولەتی بۆ لابردنی شەرەف وەک بەرگریەک

### هەموار کردنی یاسا لە ڕێگای یاسادانان

### تورکیا:

لە ساڵی 2004، یاسای سزادانی نوێی تورکیا پەسەند کرا لە لایەن پەرلەمانی تورکیەوە.

- هەندێک بەندی تایبەت لە یاسای سزادانەکە ، کە بۆ بەخشینی سووک کردنەوەی سزا سەبارەت بە بکەرەکانی کوشتنەکانی شەرەف دانرابوو، لابردرا.
- هەموارکردنێک بۆ بەندی " خرۆشاندنی نارەوا"، کە پێشتر دانرابوو بۆ بەخشینی سووک کردنەوەی سزا لە حالەتەکانی کوشتنی شەرەف. هەموارکردنی بەندی 29، کە ئێستا بە ناوی " کاری ناڕەوا" ناسراوە، ڕای دەگەیەنێت کە ئەم سووک کردنەوەیە ناچەسپێتە سەر ئەو کوشتنانەی بە ناوی شەرەف دەکرێت .
- بەندی 38ی یاسای سزادان دەڵێ کە هەر کەسێک کە زۆر لە کەسێکی دیکە بکات بۆ ئەنجامدانی تاوانێک ، ئەوە هەر هەمان سزای بکەرەکە ئەچەسپێتە سەری، و کاتێک کە کەسی زۆرلێکراو کەسێکی کەمایەتی بوو ئەوە سزاکە زیاد دەکرێت.

### ئوردون

- یاسایەکی ڕەشنووس کە هەمواری بەندی 340ی یاسای سزادان دەکات و کە سزا کەم کردنەوە ئەبەخشێت بۆ ئەو پیاوانە کە خزم و کەسی ئافرەتیان دەکوژن لە حالەتەکانی کوشتنی شەرەف ، دراوەتە پەرلەمان بۆ ڕەچاو کردن لە ساڵی 1999.
- لە مانگی تشرینی دووهەم/نۆڤەمبەری 1999، هەموار کردنەکە ڕەت کرایەوە لە لایەن زۆربەی زۆری دەستەی خوارووی پەرلەمان.

### هەموارکردنی یاسا لە ڕێگای دەسەڵاتی دادگا – حالەت

### ئوردون:

لە ئۆکتۆبەری/تشرینی یەکەمی 2002 و بۆ یەکەمین جار، دادگای پێداچوونەوە حالەتێکی تاوانی شەرەفی دووبارە ناردەوەتەوە بۆ دادگا بۆ سزادانێکی توندتر لەسەر بناغەی ئەوەی کە کوشتنەکە دەستەمبەست بووە. سزادانەکەی پێشتر کە 3 مانگ بووە دژ فەواز سەیوف زیاد کرا بۆ 10 ساڵ.

- لە مانگی کانوونی دووهەمی 2002، دوو برا کە خەڵکی ئوردنن ، سێ مانگ سزا دراون بە تۆمەتی کوشتنی خوشکەکەیان کە بە ناوی سەفا سەمیر بوو ، و لە بەرواری 2001/7/7 گیانی لە دەست دابوو.
- دوو براکە خۆیان دا بەدەست پۆلیس ، و ڕایانگەیاندبوو کە خوشکی خۆیان کوشتووە بۆ پاک کردنەوەی شەرەفی خێزانەکەیان .
- دادگا کراون بە تۆمەتی کوشتنی دەستەمبەست ، بەڵام دادگای تاوانکاری تۆمەتەکەی سووک کردەوەتەوە بۆ تاوانی بچووک بە گوێرەی بەندی 98ی یاسای سزادان ، کە ڕایدەگەیەنێت ؛ ئەگەر کەسێک بە هۆی دەمارگرتن تاوانێکی ئەنجام دا ، ئەوە سوود لە سووک کردنەوەی سزا وەردەگرێت . حوکمی دادگا ڕایگەیاند کە " هەردوو تۆمەتبارەکە سوودیان وەرگرد لە سووک کردنەوەی سزا بە بەهانەی ئەوەی کە خوشکەکەیان کارێکی ئەنجام داوە کە بووەتە هۆی سەرشۆڕی خێزانەکە".
- دادگای پێداچوونەوە سزاکەی زیاد کردوە دژ فەواز سەیوف لەبەر کوشتنی خوشکەکەی بە بەهانەی پاراستنی شەرەف.

## دانیمارک:

لە مانگی حوزەیرانی 2006، نۆ کەس حوکمی بەند کردن دران بە تۆمەتی کوشتنی شەرەفی ژنێکی تەمەن 18 سال ، ئەو نۆ کەسە ئەندام و هاورێ خێزانەکە بوون ، کە پلان و ئەنجامدانی کوشتنەکەیان کردووە.

- غەزالە خان، ئافرەتێکی دانیمارکی-پاکستانی بوو، بە گوللە لێدان گیانی لەدەست داوە لە دانیمارک ، لە لایەن براکەیەوە پاش هاوسەری بوونی دژ ویستی خێزانەکەی.
- کوشتنەکەی غەزالە بە فەرمان دانی باوکی بووە بۆ رزگار کردنی "شەرەفی" خێزانەکە .
- نۆ ئەندام و هاورێی خێزانەکە بەشدار بوون لە پلان دانان و ئەنجامدانی ئەم کوشتنە .
- هەموو گوناهبار کران لە لایەن *Østre Landsret* ( دادگای بالای ڕۆژهەلاتی دانیمارک) لە بەرواری 2006/6/27 بە تۆمەتی سەربڕین و هەوڵدانی سەربڕین ( هاوسەرەکەی) .

هەروەها فەرمان دژ گوناهباران دەرکرا بۆ پارەدانی یەک ملیۆن کرۆنە ( 134،000 یورۆ) بۆ هاوسەرەکە.

### تێبینیەکانی دامودەزگاکانی نێودەولەتی دیکە

**کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ: ڕاپۆرت بۆ ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵە سەبارەت بە خولی شازدەمینی بڕیاری کۆمسیۆنەکە ،** مانگی نیسان/ئەپریلی 2004
کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانی " کوشتنەکانی شەرەفی کردووە" لە ناوەڕۆکی مافی ژیان، و داوای لە دەولەتان کردووە بۆ " لێکۆڵینەوەی خێرا و دەستبەجێ و سەرجەمی هەموو ئەو کوشتنانەی بە ناوی شەرەف و هەڵچوونی توند ئەنجام دەدرێت ... و بەرپرسەکان بدرێنە دادگایەکی بێ لایەن و بە توانا و سەربەخۆ ، و دڵنیا بوون کە ئەم جۆرە کوشتنانە ، کە ئەو کوشتنانەش ئەگرێتەوە کە لەلایەن هێزی ئاساییش و پۆلیس و دامودەزگاکانی چەسپاندنی یاسا و گروپی پەرلەمانی و هێزەکانی تایبەتیش ئەنجام دەردرێت ، چاوی لێ نەپۆشرێت و ڕێی پێ نەدرێت لە لایەن فەرمانبەرانی حکومەتەوە.

**تێبینی گشتی ژمارە 28 ی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ICCPR** 2000/3 پەرەگراف 31
مافی یەکسان بوون بەرامبەر یاسا و ئازاد بوون لە رەگەزخوازی ، کە بە پێی بەندی 26 پارێزراوە ، داوا لە دەولەتان دەکات بۆ کارکردن دژ رەگەزخوازی لە لایەن دامودەزگاکانی تایبەت و گشتی لە هەموو بوارەکان . ئەنجامدانی " تاوانکاری شەرەف" کە بەبێ سزادان دەمێنێتەوە ، بە پێشێل کردنێکی توندی پەیماننامەکە ڕەچاو دەکرێت ، و بە تایبەتی بۆ بەندی 6، 14، و 26.

**تێبینیەکانی دەرئەنجام سەبارەت بە کۆمیتەی CEDAW: ئوردون** 2000/27/1 پەرەگراف 179
کۆمیتەکە هانی حکومەتان دەدات بۆ دابین کردنی هەموو جۆرە پاڵپشتیەک بە پێی توانا بۆ خێرا پووچەڵ کردنی بەندی 340 و دەستپێکردنی چالاکیەکی بەرزکردنەوەی هوشیاری بۆ ڕەچاوکردنی "کوشتنی شەرەف" وەک کارێکی نا پەسەند کراوی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی.

**تێبینیەکانی دەرئەنجام سەبارەت بە کۆمیتەی CEDAW : تورکیا** 97/8/12 پەرەگراف 179،195
" تێبینی: هەر لەو کاتەوە ، تورکیا یاسا کۆنەکانی پووچەل کردووەتەوە و یاسای توندتری لە جیاتی دەرکردووە"
کۆمیتەکە نیگەرانی هەبوو سەبارەت بەبڕگەکانی یاسای سزادان کە مۆڵەتی دەدا بە حوکم و سزادانێکی سووک بۆ "کوشتنەکانی شەرەف". ئەم بیرۆکەیە دژ ڕێزگرتنە لە مافی مرۆڤ و سەلامەتی کەسایەتی ، کە پارێزراوە لە لایەن هەموو یاساکانی مافی مرۆڤی نێو دەولەتی. ئەنجامدانی "کوشتنی شەرەف" ، کە لەسەر بناغەی نەریت و خوو ، پێشێل کردنی مافی ژیان و سەلامەتی کەسایەتیە ، واتا ، بە ڕوونی پێویستە دەستنیشان بکرێت لە ژێر سێبەری یاسا.